# بەشی یەکەم
# تیۆریی دەستوور

# باسی یەکەم

## دەستوور لە ژیانی دەوڵەتاندا

دەستوور مێژوویەکی کۆنی هەیەو لە سەردەمی گریکەکاندا باسی لێوە کراوە. دەوڵەتە شارەکان دەستووریان هەبووە. لە سەدەی هەژدەهەمداو پاش شۆڕشەکانی ئینگلیز، ویلایەتە یەکگرتوەکانو فەرەنسا دەستوور بە شێوەیەکی نوێتر سەری هەڵداو ساڵی ١٧٨٧ یەکەم دەستووری نووسراو لە ویلایەتە یەکگرتوەکان لە دایك بوو. لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا هەموو دەوڵەتان بوون بە خاوەنی دەستوورو جگە لە بەریتانیاو دەوڵەتی ئیسرائیل کە پشت بە دەستووری عورفی دەبەستن، ئەگینا هەموو دەوڵەتو هەرێمێکی فیدرال دەستووری تایبەت بە خۆی هەیەو تەنانەت هەندێ لە هەرێمە ئۆتۆنۆمەکانیش لە دەوڵەتە لامەرکەزییەکاندا دەستووری تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نموونە هەرێمی "سیسیلیا" لە ئیتالیا. دەستوور بە پێی تێگەیشتنی سەردەم بریتییە لەو دێکیومێنتەی کە هەموو پرەنسیپو حوکمو پابەندییەکان لە دوو توێی خۆیدا کۆ دەکاتەوەو بە دایکی یاساکان ناسراوە، چونکە باس لە شێوەی دەوڵەتو حکومەتو جۆری سیستەم دەکا.و تایبەتمەندی دەسەڵاتە گشتییەکان "یاسادانان، جێبەجێ کردنو دادوەری" دیاری دەکا.

### مەبەستی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانو پەرەسەندنی دەستوور

دیارە دەوڵەتو یاسای دانراو، یان نووسراو (وضعي) مێژوویەکیان هەیە[1]، ئەگەرچی ماوەیەکی کەمیش جیاوازی هەبێ لە سەرهەڵدانیاندا. سەبارەت بە یاسای دەستووریش، لە ڕوانگەی پەیدا بوونو سەرهەڵدانیەوە خاوەن مێژوویەکی کۆنە، هەمیشە لە دەوڵەتدا ڕێوڕەسمێکی نەنووسراوی دەنگ لە سەر نەدراو لە

---

[1] د. عەبدولڕەحمان ڕەحیم عەبدوڵڵا، چەند محازەرەیەك بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا ـ ماستەر ـ، زانکۆی کۆیە، ساڵی ٢٠٠٤.

ئارادا بووه كه به جۆرێك له جۆرەكان دەسەلاتەكانی حوكمڕانیو ئەركو مافەكانی خەڵكو دانیشتوانی ئەو دەوڵەتەی له چوارچێوەی داب (عرف)دا[2] دەست نیشان كردوه. هەر له سەردەمی پێش زاییندا، گریكەكان دەستووریان ناسیوه، باشترین نموونەش بۆ ئەم ڕاستیه، دەستووری دەوڵەتی یۆنانه، به تایبەتی دەستووری ئەسینا[3]. گریكەكان باوەڕیان وابوو، وێك چوونێك هەیه له نێوان ڕێكخستنی حوكمڕانیو ئۆرگانی بوونەوەری مرۆڤدا[4]. ئەم وێكچوونه له نێوان ڕێكخستنی دەوڵەتو پێكهاتەی ئۆرگانی مرۆڤ له سەردەمی گریكیدا له لایەن "نیومان"یشەوه[5] وروووژێنرابوو، وەك دەڵێ: "گریكەكان وای دەبینن كه هەموو دەستوورێك خۆی وەك لكێنراوێك دەدۆزێتەوه، بەو مانایه كه باس له پەیوەندییەكانی ژیان دەكات. هەموو دەستوورێك ڕێنوێنی ڕێڕەوی ژیان دەكاتو بەرەو ئەوه دادەكشێ، به شێوەیەكی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، تا ژیان بەو كەسانه ببەخشێت كه له ژێر سێبەریدا به شێوازێكی تایبەتی دەژین.

له سەر ئاستی هزریشدا "ئیزوقرات" دەستوور به هۆی ئەم ناسنامه ئۆرگانیەوه پێناسه دەكات، وای دادەنێت كه (ڕۆحی شاره)و پاشان دەست نیشانی ئەو دەسەلاته دەكات كه دەستەبەر دەبێ، بۆیه دەڵێ: "ئەوه به دەسەلاتی ئەقڵ به سەر لەشەوه دەچێت "[6]. هەر لەو پەیوەندییەدا ئەرستۆ دەڵێت:[7] "دەستوور دەبێ له گەڵ سروشتو پێداویستییەكانی كۆمەڵگادا بگونجێو دەبێ نایەكسانی سروشتی مرۆڤ له بەر چاو بگرێ. دەستوور دەبێ لەو خاڵانەی كه خەڵك یەكسانن، مافی یەكسانییان بۆ له بەرچاو بگێرێ، لەو خاڵانەشدا كه نایەكسانن

---

[2] ڕێبازی نوێ، ئۆرگانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، ژمارە ٤ی نیسانی ١٩٩٠، (ل ٨)
[3] د. حسن السعدی. دراسة في ظل الدستور العراقي في ندوة مركز دراسات جنوب العراق المقترح، ٢٠/٩/٢٠٠٥، ل ٢.
http://www.iraqipapers.com/
[4] الدكتور عبدالرضا الطعان، ملاحظات أولية حول تعريف الدستور، ترجمة سابیر رەشید، چاپخانەی كەوێل، مجلة الحقوقي، العددان ٣ ـ ٤، چاپی یەكەم، ٢٠٠٤، ل ٢٧.
[5] هەمان سەرچاوه، ل ٢٨.
[6] هەمان سەرچاوه، ل ٣٣.
[7] ئازاد وەلەدبەگی، فەرهەنگی ڕامیاری نیگا، هەولێر ٢٠٠٥، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری، زنجیرەی كتێب (١٩٧)، ل٣٠.

دان بە نایەکسانیاندا بنێت". ئەرستۆ توانی[8] دەستووری (١٥٨)ی دەوڵەت شاری یۆنان کۆ بکاتەوە. بەم جۆرە پرۆفیسۆر "بردو"[9] دێتە سەر ئەو بڕوایە کە دەستوور پێشترو لە سەردەمی گریکدا ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام بە مانا سروشتیەکەی، واتە لە زمانەوانیدا، لە سەردەمی ناوەڕاستدا کە بە قۆناغی دەرەبەگایەتی (فیودالیزم) ناسراوە، بە تایبەتی لە واقیعی ئەورووپادا شتێکی وا لە سەر دەستوور نەنووسراوە کە شایانی باس کردن بێ، هەروەها سیستەمێکی سیاسی وا لە ئارادا نەبووە کە دان بە مافو ئازادییەکاندا بنێت، یا خود مافی بەشدار بوونی مرۆڤ لە ژیانی سیاسیدا بسەلمێنێ، جگە لەو بەڵگەنامە بریتانییە، کە بە پەیمانی گەورە (magno carte)[10] ناسراوە، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٢١٥ کینگ جۆن پادشای ئینگلتەرە پاش ڕاپەڕینێکی جەماوەری فەرمانێکی واژۆ کرد. بەڵام هێندێك لە نووسەرانی یاسای دەستووری لە سەر ئەو باوەڕەن کە "پییەر گریگۆری"[11] یەکەم کەس بووە پێش کۆتایی هاتنی سیستەمی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەرەبەگایەتی لە ساڵی ١٥٧٨دا ئەم وشەیەی بە کار هێناوە.

پرۆفیسۆر "بردۆ"[12] پێی وایە کە بە کارهێنانی ئەم وشەیە بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتنێکی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا لە ڕێکەوتی ٢٨/١/١٦٨٨، کاتێ مەلیك "جاکی دووهەم" بەوە تۆمەتبار کرا کە "هەوڵی داوە لە دەستووری مەملەکەت لا بدات". بەڵام لە کۆتایی قۆناغی دەرەبەگایەتیو (فیودالی) سەرەتای سەرهەڵدانی سەردەمی نوێگەریدا، بیرۆکەی

---

8 سەید ئایەر حەمەئەمین، دەوڵەتی یاسا، سلێمانی ٢٠٠٣، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ی. ن. ك، ل ٢٧.

9 دکتور عبدالرضا الطعان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

10 لە ساڵی (١٢١٥) کینگ جۆن پادشای ئینگەلتەرە پاش ڕاپەڕینێکی جەماوەری فەرمانێکی واژۆ کرد کە بە (mango carte) بە ناوبانگەو تێیدا بۆ یەکەمجار ئەنجومەنێکی لەبابەتی پەرلەمان پێشنیار کرا.

11 الدکتور عبدالرضا الطعان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢ ـ ل٢٤.

12 هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

دەستوور[١٣] بەسترایەوە بە تیۆرییەکانی ئەو سەردەمەوە، بە تایبەتی تیوری گرێبەستی کۆمەڵایەتی بە جۆرێك کە جەختی لە سەر پێویستی دەق (نص)و بنەما (قاعدە)گەلێکی نووسراوو ڕێکخراودا دەکرد[١٤]، چونکە پێشتر، داب (عرف) سەرچاوەی بنەڕەتیی بنەماکانی دەستوور بوو. دەستوورەکان بنەمای خۆیان تەنها لە دابەوە وەردەگرت، بەڵام لەگەڵ هاتنە کایەی سەردەمی گۆڕانکاری لە ئەورووپاو هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، لە دەرەوەی ئەورووپاو لە دەوڵەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، پاش شەڕی سەربەخۆیی کە ساڵی ١٧٧٦ ڕووی دا، بنەماکانی دیموکراتیو حکومەتی هەڵبژێردراوی گەل تاقی کرایەوە[١٥]. ئەم هەلومەرجە پرۆسەی یاسادانانی خۆشو ئامادە کرد. لە ساڵانی (١٧٧٦ـ١٧٨٠)، چەند ویلایەتێك دەستووری نووسراویان داناو ساڵی ١٧٨٧ یەکەم دەستووری نووسراوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای فیدراڵی دەرچوو.

شۆڕشی فەرەنسا ساڵی ١٧٨٩ ڕووی دا. پاش دوو ساڵ واتە لە ساڵی ١٧٩١دا دەستووری نووسراوی فەرەنسی دەرچوو. ساڵی ١٨٣١ لە بەلجیکا یەکەم دەستووری نووسراو دانرا کە تێیدا ئازادی نووسینو ڕادەربڕینو کۆڕوکۆبوونەوە گەرەنتی کرابوو[١٦]، لە هەمان ساڵیشدا لە ئیتالیا دەستووری نووسراو دەرچوو. هەروەها ساڵی ١٨٤٨ بۆ یەکەم جار سویسرا دەستووری خۆی لە سەر بنەمای دیموکراتیو بەشداری خەڵك، بە ڕیفراندۆم لە مافی دیاریکردنی چارەنووس دانا[١٧]. لە ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانیو ڕووخانی ئیمپراتۆریەتەکانی ئەڵمانیا، عوسمانی، ڕووسیاو دامەزرانی دەوڵەتە نوێیەکان، بە تێکڕای ئەم دەوڵەتانە دەستووری نووسراویان پەسند کرد[١٨].

---

13 الدكتور اسماعيل مررزە، مبادئ القانون الدستوری والعلم السياسی، الطبعة الثالثة، بغداد، ٢٠٠٤، دار اعلان للفنون و الآداب و النشر، ص ٦

14 سەید تایەر حەمە ئەمین، دەوڵەتی یاسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢ تا ٧٤

15 ئازاد وەلەدبەگی، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٢

16 هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٢

17 ئازاد وەلەدبەگی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢

18 سەید تایەر حەمەئەمین، سەچاوەی پێشوو، ل ٧٢ تا ٧٤

وەك بە دیار دەكەوێ بە شێوەیەكی گشتی دەستوور زیاتر لەو كاتەوە دەنووسرێت كە دەوڵەتەكە گۆڕانكاریی زەق‌و بەرچاو بە خۆیەوە دەبینێ، بۆ نموونە دەستووری ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا دوای شەڕی سەربەخۆیی نووسراوە، هەروەها پاش شەڕی یەكەمی جیهانی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی لە دایك بوون‌و دەستووریان دانا، عێراق یەكێك لەو دەوڵەتانە بوو كە پاش شەڕی یەكەمی جیهانی پێك هات‌و ساڵی ١٩٢٥، یەكەم دەستووی نووسراوی تایبەت بە خۆی دانا. ئەڵمانیاش پاش شەڕی دووهەمی جیهانی پەرەی بە دەستووری خۆی[١٩] داو ئێستا جگە لە بەریتانیاو ئیسرائیل، كە دەستوورەكەیان نەنووسراو، واتە (عورفی)یە، دەكرێ بڵێین تەواوی دەوڵەتان خاوەنی دەستووری نووسراون.

كەواتە بەو پێشینە مێژووییەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە دەستوور دیاردەیەكی شیاوو دەستكەوتی خەبات‌و تێكۆشانی سەدان ساڵەی مرۆڤایەتیە، بە تایبەتی لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا بە ڕووخانی حكومەتە دیكتاتۆرو سەرەڕۆكان‌و هاتنە گۆڕەپانی حكومەتە دیموكرات‌و دەستوورییەكان، كە لەم دوكۆمێنتە یاسایی‌و سیاسییەدا سەروەری‌و دەسەڵات‌و مافەكانی خەڵك بەم شێوەیە بایەخیان پێ دەدرێ.

## مەبەستی دووهەم: پێناسەی دەستوور

### ١ـ لە ڕووی زمانەوانییەوە:

دەستوور وشەیەكە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ زمانی پەهلەوی، كە بە شێوازی (دەستوار) هاتووە بە واتای قازی یان حوكم، هەروەها بە گەورە كەهەنە زەردەشتییەكانیش گوتراوە لە ئێران‌و هێندستان. لە فارسی نوێدا بە مانای وەزیری گەورە دێت كە جێبەجێ كەری حوكم‌و دەسەڵاتە، دواتر چۆتە ناو زمانی توركی عوسمانی‌و بە شێوەی (دوستور) تەلەفوز كراوە، لە فارسی‌و لە توركی بە مانای (بنەمای بنەڕەتی) بۆ زانستێك لە زانستەكان هاتووە. ئەم وشەیە لە فارسیدا لە دوو بەشی "dest" بە مانای بنەماو "dur" بە واتای خاوەنی شت،

[19] ناوی نووسەر نەنووسراوە، هاوپەیمانی شارستانی بۆ هەڵبژاردنی ئازاد، دەستوور بۆ هەموان، ٢٠٠٥، ل ٧

یان دەسەڵات[٢٠] پێك هاتووە. گەلێك لە یاساناسان ئەو لێكدانەوەیە پشتڕاست[٢١] دەكەنەوەو دەڵێن: وشەی دەستوور لە بنەڕەت دا زاراوەیەكی فارسییەو لە ناو زمانی عەرەبیدا بلاو بۆتەوەو مانای پێكهاتن یان دامەزراندن دەگەیەنێتو لە زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیدا "Constitution"ی پێ دەڵێن، كە ئەویش هەمان مانای دامەزراندنو پێكهاتن دەبەخشێ. هەروەها "د. منذر الشاوي"ش[٢٢] دەڵێ: وشەیەكی فارسییەو تەعریب كراوە، دوكتۆر "ماجد راغب الحلو"[٢٣] بە هەمان شێوەی سەرەوە وشەی دەستوور لە ڕووی زمانەوانییەوە لێك دەداتەوە وەك یاسای بنەڕەتی یا سەرەكیو كاتی سەرهەڵدانیشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرەتای دەیەی ٢٠ی زایینی لە دەوڵەتی میسرو عێراقدا، كە بە مانای یاسای بنەڕەتی باسی لێ كراوە. بەڵام دواتر ئەوانیش گەڕاونەتەوە سەر ناوی دەستوور.

ئێستاكە لە دەوڵەتانی عەرەبدا لە ڕووی زمانەوانیەوە بە وشەی دەستوور ناسراوە[٢٤] و ئێمەش پشتگیری لەو ڕایە دەكەین، چونكە لە زمانی كوردیش هەمان مانا دەبەخشێ. شایانی ئاماژە پێدانە ئێستا لە ئێران زاراوەی (قانون اساسی) لە جیاتی دەستوور بە كار دێنن.

**٢ـ لە ڕووی زاراوەوە:[٢٥]**

ماناو ئاماژەكانی ئەم زاراوەیە بە زۆر شێوە هاتووە، كە لە ناوەڕۆكدا یەك دەگرنەوە، بۆ نموونە: بە مانای وەزیری گەورە هاتووە، هەروەها بە مانای دەفتەر یان تۆمار هاتووە، كە ناوی سەربازەكانو پلەكانیانی تێدا نووسراوەو ئەو

---

20 سالم الآلوسی، الدستور فی اللغة و الأصطلاح، دراسات قانونیة، ٢٠٠١، دارالكتب و الوثائق ـ بغداد

21 سەردار عەزیز خۆشناو، هەرێمی كوردستان، بڕیاری فیدراڵیو نەبوونی دەستوور، چاپخانەی زانكۆی "صلاح الدین"، هەولێر ١٩٩٨، ل ٢٣.

22 د. منذرالشاوي، القانون الدستوري، سنة الطبع ١٩٨١، بغداد، منشورات مركز البحوث القانونية، ص ٩

23 الدكتور ماجد راغب الحلو، القانون الدستوري، ٢٠٠٣، دار الجامعة الجديدة للنشر، ص ٥

24 د. أحمد الموافي، مبادىء القانون الدستوري الكويتي، الناشر: مصر للخدمات العلمية، القاهرة ـ ٢٠٠٤، ص ١٠.

25 د. منذر الشاوي، المصدر السابق، ص ٩.

دەفتەرەی كۆی یاساكانی پاشای تێدایە، واتە یاساكانی تایبەت بە دەوڵەت. بەڵام ئەوەی كە هەر چوار سەرچاوەی پێشوو لە سەری ڕێكن ئەوەیە، كە دەڵێن: دەستوور بە مانای (بنەمای بنەڕەتی) بۆ حوكم لە دەوڵەتدا هاتووە. بە دەیان جۆرو شێواز پێناسە كراوە، هەندێك دەڵێن: "كۆمەڵێك ڕێسای بنچینەییە، كە جۆری سیستەمی فەرمانی ڕەوا دیاری دەكات لە دەوڵەتدا، هەروەها دەسەڵاتی حكومەتو چۆنیەتی دابەش كردنی ئەم دەسەڵاتەو بەكارهێنانیو گرتنە دەستی ئەركو مافی هاووڵاتیان لە خۆی دەگرێت"[26]. بەڵام هەندێ یاساناسیتر دەڵێن یاسای بنەڕەتی نەتەوەیە (الأمة)، كۆمەڵێك بنەمای یاساییە، كە پەیوەندییەكانی نێوان دەوڵەتو ڕەعیەت هەڵدەسووڕێنێ"[27]

هەروەها د. منذر الشاوي دەڵێت: "هەر یاسایەك چالاكییەكانی دەسەڵاتی سیاسی ڕێك بخات، ئەوە دەستوورە"[28]. ئێمەش پشتگیری لەو پێناسەیەی پرۆفیسۆر د. منذر الشاوي دەكەین، بەڵام دەستووری دەوڵەت بە پێی تێگەیشتنی سەردەم[29] بە دوورو درێژی بریتییە لەو دۆكومێنتەی كە هەموو پرەنسیپو بنەماو حوكمو پابەندییەكان لە دوو توێدا كۆ دەكاتەوەو لە میانەیدا حوكمی ئەو دەوڵەتە بەڕێوە دەبات، دەستوور دەسەڵاتەكانو تایبەتمەندییەكانو هەروەها پەیوەندی نێوان دامەزراوەكانی دەوڵەت دیاری دەكاتو چۆنیەتی بڕیاردانو دەرچوونی یاساكان كە لەو دەستوورە هەڵدەهێنجرێن ڕوون دەكاتەوە، مافەكانو ئەركەكانی هاووڵاتی دەخاتە ڕوو،و باس لە تایبەتمەندی دەسەڵاتە گشتییەكانی دەوڵەت (دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن، دەسەڵاتی دادوەری) دەكا، كەواتە دەستوور یاسای بنەڕەتیو بناغەی گشتی یاساكانیترەو هەروەها ڕایدەگەیەنێ، كە پێویستە دەوڵەت چ جۆرە حكوومەتێكو سستەمێكی هەبێت،

---

[26] مافپەروەر: سەردار عەزیز خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣

[27] المحامی موریس نخلة و اخرون، القاموس الثلاثي (عربی ـ فرنسی ـ انجليزي)، الطبعة الاولى ٢٠٠٢، بيروت ـ لبنان، ص ٨٠٣.

[28] بڕوانە: منذر الشاوي (القانون الدستوري والمؤسسات الدستورية العراقية، الطبعة الثانية، بغداد ١٩٦٦، ص ١٦٦

[29] منصور الجمري، دروس في المفاهيم السياسية، ما هو الدستور، فبراير ١٩٩٨، ص ١.

دەستوور گەرەنتی مافەکانی هاوولاتیان دەکات[30]. لەبەرئەوە پێناسەی هەر لقێك لە لقەکانی یاسا بە یاسای دەستووریشەوە، کە لقێکە لە یاسای گشتی ناوخۆ لە سەر ئەو چوارچێوەیە (نطاق)ە ڕادەوەستێ کە ڕێکی دەخات، ئەم چوارچێوەیەش لە ژێر کاریگەری گەلێك "اعتبارات" دایە، لەوانە لایەنی (مێژوویی، سیاسی، کۆمەلایەتیو ئابووری)، جگە لەوەش ئەو ئیعتبارانە لە دەولەتێکەوە بۆ دەولەتێکیتر جیاوازە، بگرە لە خودی دەولەتێکیشدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر جیاوازن. بۆیە پێناسەیەکی دەستووریی جێگیرو سەرتاپاگیر، کە وەلامدەری هەموو دەستوورێك بێ لە هەلومەرجە لێك جیاوازەکاندا، زۆر سەختو دژوارە[31].

دەستوور دوو مانا دەبەخشێ:[32]

**یەکەم: مانای ماددی یان بابەتی:** ئەوە بەو مانایە دێت کە دەستوور کۆمەلێك بنەمای یاساییەو پەیوەندی هەیە بە ڕێکخستنی چالاکییەکانی دەولەت.

**دووەم: مانای ڕوالەتی:** بریتییە لەو دۆکومێنتەی کاری دامەزراوەکان ڕێك دەخات، هەروەها ئامادە کردنی ماددەکانو هەموار کردنیان، کە بە ئاسانی ناکرێ، تەنها ئەو کاتە نەبێ، کە هەندێ مەرجی تایبەت لە بەرچاو بگیرێ، کە جیاوازە لە دانانی بنەماکانی یاسای ئاسایی.

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوی هەر دوو چەمکی بابەتیو ڕوالەتی بە کورتی ئاماژە بەم دوو خالە دەکەین:

---

30 ناوی دانەر نەنووسراوە، هاوپەیمانیی شارستانی بۆ هەلبژاردنی ئازاد، دەستوور بۆ هەموان، ٢٠٠٥، ل ٣

31 الدكتور اسماعيل مرزة، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣ تا ١٦

32 د. حسان محمد شفيق، الدستور، ١٩٨١ ـ جامعة بغداد، ص ٩

### ١) له ڕوانگەی مادديیەوە: [٣٣]

(دەستوور) بریتییە لە کۆمەڵێك بنەما، کە لەناو دەوڵەتدا زاڵەو لەودا باسی هاوسەنگی پەیوەندی نێوان خەڵكو دەسەلاّتو چاودێری فرەلایەنی خەڵك بە سەر حکومەتدا دەکرێ، لەسەر ئاستی دەرەوە یاسای نێودەوڵەتی سەروەری هەیە لەسەر دەستووریش، بەلاّم لەسەر ئاستی ناوەوە، لە پێرستەکانی (دەستوور) سەروەرییە بە سەر هەموو لایەنەکاندا بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە (دەستوور) چوارچێوەی دەسەلاّتەکان دیاری دەکاتو بۆ خۆی لە سەرەوەی هەموو دەسەلاّتو دامەزراوەیەکە. هەر بۆیە هیچ دامو دەزگا یان دەسەلاّتدارێك نابێ بە دژی دەستوور بجووڵێتەوە. "Vattel" بیرمەندی سەدەی (١٨)یە، لە وەلاّمی ئەوەدا کە بەرزترین دەسەلاّتی سیاسی یان هێزی یاسا دانەری، خەڵکی مافی گۆڕین یان پێداچوونەوەی دەستووری هەیە یان نا، دەڵێ: "ئەوە دەستوورە کە یاسادانەر هێزی خۆی بە وەرگیراو لەو دەزانێ، کەوابوو چۆن دەتوانێ بیگۆڕێ بە بێ ئەوەی کە بنەڕەتی خۆی تێك دابێ!"

### ٢) له ڕوانگەی (شكلّی)یەوە: [٣٤]

بۆ گەرەنتیو پاراستنی سەروەریی دەستوور، شێوازی داڕشتنەکەی دەبێ بە چەشنێ بێ، کە نەتوانرێ بە سانایی ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێنن. لەم پەیوەندییەدا ئەو یاسایە کە بوارو ئیمکانی گۆڕانی تێدایە جیاوازە لەگەڵ ئەو یاسایەی کە ئیمکانی گۆڕانی نیە. ئەو دەستوورەی کە بواری گۆڕانی تێدایە، یاسایەك، کە لە ڕێگای یاسا دانانێکی ئاساییەوە بتوانرێ ئاڵوگۆڕی بە سەردا بهێنرێ، لەم شێوازەدا یاسای ئاسایی دەتوانێ هەڵیوەشێنێتەوەو ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێنێ، هەر بۆیە ئەم جۆرە دەستوورە هیچ جۆرە جیاوازییەکی لەگەڵ یاسای ئاساییدا نییە، کە بە پێی دەگوترێ دەستووری نەرمو بە پێچەوانەوە ئەو دەستوورەی کە بواری گۆڕانی تێدانییە، دەستوورێکە کە لە ڕێگەی یاسای ئاساییەوە ناگۆڕدرێ،

---

[33] دکتر سید محمد هاشمی، حقوق بشر و آزادیهای اساسی، چاپ اول، پاییز ١٣٨٣، تهران، ص ١٨٤ ـ ١٨٥.

[34] دکتور ابراهیم عبدالعزیز شیحا، المبادي الدستورية العامة، توزیع منشأة المعارف بالاسكندرية، ٢٠٠٦، ص ١٣ ـ ٢٨.

کەوابوو بۆ دانانو گۆڕینی دەستوور دەبێ میتۆدو شێوازێکی تایبەت هەبێ، کە ئەمە پێی دەگوترێ "دەستووری وشك"

## مەبەستی سێیەم: سروشتی دەستوور

هەر کاتێك کە باس لە دەستوور دەکرێ، یەکسەر دەوڵەتو سیستەمەکانی دێنە بەر چاو، جا هەر جۆرە دەوڵەتێك بێت. هەندێ دەوڵەت هەیە حوکمەکەی ڕەهایە، کەچی دەبینین دستووریشی هەیە، بەو مانایە بوونو نەبوونی دەستوور پەیوەست نیە بە جۆری دەوڵەتەکەوە، چونکە ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت هەر دەوڵەتێك دەستوورێکی بۆ خۆی داناوە، جگە لەوانەی بە عورفی ئیش دەکەن، بە تایبەتی لەسەردەمی ئێستادا. کەوابوو دەستوور تەنیا تایبەت نیە بەو دەوڵەتانە، کە خاوەنی سیستەمی دیموکراسین، مەبەستم لەو دەوڵەتانەیە کە سیستەمە سیاسییەکەیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە هاتوون بەڵکوو گرنگییەکەی لەوەدایە خودی دەستوورەکە چەندە بە شێوازی دیموکراتیك دانراوە، سروشتی دەستوورەکە چۆنەو چ خاڵگەلێکی لە چوارچێوەی خۆیدا یان لە دوو توێی دوکومێنتەکەدا کۆ کردوتەوە. چونکە هەندێ دوکومێنتی دەستووری هەیە دەقی وای تێدا گونجاوە، کە ڕەنگە هەر دەستووری نەبن یان بە پێچەوانەوە دوکومێنتی دەستووری واش هەیە هەموو دەقە دەستوورییەکانی لە خۆی نەگرتوە[٣٥]. دیارە هەلومەرجی مێژوویيو سیاسی ئەوەی بە سەریاندا سەپاندوە. وەك "vedel"[٣٦] دەڵێ: "دەستوور لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەو تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە بیروباوەڕ دەبەستێ، بە پێچەوانەی زانستی سروشتی، کە پشت بە بناغەیەکی جێگیر دەبەستێو گۆڕانی بیروباوەڕو فکر کار ناکەنە سەری". هەروەها مامۆستامان دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەحیم عەبدوڵڵا[٣٧] دەڵێ: "بنەمای یاسای سروشتی تەقریرییە، بڕیار دەدات، ئەگەر توانیت دژایەتی بکەی ئەوە نامێنێ، بەڵام یاسا ئەگەر دژایەتی لەگەڵ بکەی، هەر دەمێنێ، چونکە (تقويم)ییە". لە لایەکی

---

35 الدکتور اسماعيل مرزة، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢ تا ١٦

36 الدکتور اسماعيل مرزة، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣ ـ ١٦.

37 مامۆستا دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەحیم عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٤

تریشەوە یاسا ناسەکانی فەرەنسا، کە تا ئێستا کاریگەری شۆڕشی ١٧٨٩ی دەوڵەتەکەیان لەسەر ماوە لە پێناسە کردنی دەستووردا زەق کردنەوەی لایەنی سیاسی گرنگی پێ دەدەنو بە ڕوونی دیارە. وەك مامۆستا "مارسیل پریلو"[٣٨] لە پێناسەی دەستووردا دەڵێت: "دەستوور یاسای دەسەلاتی سیاسییە، یان کۆمەڵێك بنەمای یاساییە، کە دەسەلاتی سیاسی دیاری دەکاتو بەکارهێنانو گواستنەوەو دەستاودەستکردنی ڕێك دەخات".

هەروەها دکتۆر "سەعد عەسفور"[٣٩] کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئاراستەی یاساناسەکانی فەرەنسا، بۆیە ئەویش سروشتی سیاسی بە دەستوور داوەو دەڵێ: "کۆمەڵێك بنەمایە، کە پەیوەندی تاك بە دەوڵەت لە ڕووی سیاسیەوە ڕێك دەخاتو ڕێکخستنی سیاسی لە دەوڵەتدا دیاری دەکات". لەم دوو پێناسەیەدا بۆمان دەرکەوت دەستوور زیاتر لەسەر ڕێکخستنی سیاسی کورت کراوەتەوە، بەلاّم لە ئینگلتەرە دەبینین پێناسەی دەستوور کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك ئێعتباراتی تر، چونکە پشت بە دابونەریت دەبەستێو دوکومێنتی یەکگرتووی نیە، بۆیە سەیر نیە، کە پێناسەکانی لقو پۆپی فراوانتری لێ دەبێتەوە، بە جۆرێك، کە هەرچی پەیوەندی بە دەوڵەتو سیستەمی حوکمەوە هەیە، دەگرێتەوە. یاساناسی ئینگلیز "سالمۆند"[٤٠] بەم جۆرە پێناسەی دەستوور دەکات: "کۆمەڵێك بنەمای یاساییە، کە پێکهاتەی دەوڵەت دیاری دەکات". واتە یاسا ناسەکانی ئینگلیز وەك فەرەنسییەکان لایەنی سیاسی لە دەستووردا زەق ناکەنەوە، بەڵکوو پێناسەکانیان زیاتر باس لە پێکهاتنی دەوڵەتو شێوازی حکوومەتەکان دەکاتو لە ڕاستیدا دەبێ دەستوور گرنگی بە خودی دەسەلاّت بدات بە بێ دەوڵەتو لە بنەڕەتەوە ڕوونی بکاتەوە، کە چۆن ڕەوا بوونی (شەرعیەت) خۆی لە فکری یاساییدا دەدۆزێتەوە، کە بۆ خۆی نوێنەرایەتی دەکا. ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە بێ ئەوا دەستەی فەرمانڕەوا ناتوانن دەسەلاّتەکان لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاربێنن، بەڵکو دەبێ بە گوێرەی ئەو مەرجانەی، کە بۆیان

---

[38] د. حسان محەمەد شەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥ تا٧

[39] الدکتور اسماعیل مرزة، المصدر السابق، ص ١٦ ـ ١٩.

[40] د. ئیسماعیل مرزە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣ تا ١٦

دانراوە، پیادەی بکەن. چونکە ئەو دەسەڵاتانە لە ناوەڕۆکی خۆیاندا مل کەچن لە بەرامبەر فکرە یاساییەکەدا، جا چ لە خۆیدا بەناوەڕۆك یا چ بەئاشکرا (صراحة) لە لایەن دامەزرێنەرانی دەستوور ڕاگەیەندراوە. لەسەر ئەو بنچینەیە ئێمە سروشتی یاسای دەستووری ئاوەها پێناسە دەکەین: "کۆمەڵێك بنەمایە لە ژێر تیشکی بیری یاسای دیاری کراودا، کە سیستەمی حوکم لە هەر دەوڵەتێکدا دیاری دەکات"[41]. بەڵام دکتۆر "حەمید حەنون خالد" دەڵێ: "کۆمەڵێك بنەمای یاساییە، ڕەوشی دەوڵەت بە دیار دەخات، دەسەڵاتەکانی ناوەوەی ڕێك دەخاو لە ڕووی پێکهاتن و تایبەتمەندییەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوانیان دیاری دەکا، سەرەڕای بڕیاردان لەسەر مافەکانی تاکو ئەرکەکانی سەر شانی"و دەڵێ: "ئێمە لەو پێناسەیەدا کۆکین لەسەر ئەوەی، کە بنەماکانی دەستوور سروشتی یاساییان هەیە نەك سیاسی، بە مەرجێ ئەگەر بە تێگەیشتن لە یاسا وەری بگرین.

بنەمای ڕێکخراوەیی وا پێویست دەکا، خەڵكو دەسەڵات پێکەوە مل کەچ بن بۆ دەستوور. نابێ فەرمانڕەواکان یان دەسەڵاتداران لە هەر سەرپێچییەکیاندا لە بەرامبەر یاسا ببوردرێن، جا چ یاسای ئاسایی بێ یان دەستووری، چونکە ئەوانەش کارمەندی دەوڵەتن، تەنانەت ئەگەر جیاوازیش هەبێ لە ناونیشانی ئیشەکەیاندا. سەرۆکی دەوڵەتو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرو. . . تاد، هەموویان بەرپرسیارن لە بەرامبەر گەلدا. زۆربەی دەستوورەکانی ئەم سەردەمەش بۆیان هەیە ئەگەر سەرۆکی دەوڵەت تووشی تاوانێك بوو، بدرێتە بەردەم دادگا، بە بێ ڕەچاو کردنی باری سیاسی یان جۆری لێپرسراوێتیی سیاسی، هەر بۆیە پێویستە سەرۆکی دەوڵەت سوێندی یاسایی بخوات لە بەرامبەر دەسەڵاتی یاسادانەردا. دەقی ئەو سوێندەش بریتییە لە ڕێز گرتنی سەرۆك لە یاساو دەستوور[42].

---

[41] هەمان سەرچاوە، ل ١٦ تا ١٩

[42] الدكتور حميد حنون خالد، دراسات دستورية عراقية، المعهد الدول لحقوق الانسان، كلية الحقوق بجامعة ديبولا، سنة ٢٠٠٥، ص ١

ئێمە پشتگیری لەو ڕایە دەکەین، کە دەڵێ دەستوور سروشتێکی یاسایی[٤٣] هەیە، ئەگەر دەستوورەکە لە دەوڵەتێکی شارستانیو ئازادو دیموکراتیدا بە شێوەیەکی کاراو لۆژیکی لە بەر چاو گیرابێ. کەوابوو دەتوانین بڵێین دەستوور لە ناوەڕۆکی خۆیدا بە تەواوەتی سروشتێکی یاسایی هەیە، بەڵام لە بەر ئەوەی هەموو دەستوورێك بە شێوەیەکی گشتی باسی پێکهاتەی حکومەتو مافە سەرەکییەکانی دەکات[٤٤]، بۆیە دەستوور وەك ڕووکەشێکی سیاسیو دوکومێنتی ڕاستیەکان پارێزەری ئەو واتاو بابەتانەیە، کە دەستوور لە یاسایەکی ئاسایی[٤٥] جیا دەکاتەوە. ئەگینا دەستوور سروشتی یاسایی هەیەو بەرزترین یاسای دەوڵەتە.

## مەبەستی چوارەم: بایەخی دەستوور لە دەوڵەتدا

مەسەلەی کاتی بوونی دەسەڵاتی دەسەڵاتداران لە لایەكو ناسینی بەربڵاوی مافەکانی خەڵك لە لایەکی دیکەوە بابەتی سەرەکی دەستوورن. لە بەر ئەوەی، کە زۆربەی دەسەڵاتداران، بە تایبەت دەسەڵاتدارانی زۆردارو سەرەڕۆو تەنانەت هەندێ جاریش ڕابەرانی شۆڕشگێڕیش، ئازادی کردەوە لە بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی خۆیاندا بە پێویست دەزانن‌و لە گەڵ پەیرەوی کردن لە دەستوور هیچ چەشنە نزیکایەتییەکیان نییەو ئەگەر بچووکترین دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێ بە بیانووی جۆراوجۆرو خەڵك خڵەتێنەوە دەسەڵاتی خۆیان پەرە پێ دەدەن. ڕوون‌و ئاشکرایە، کە ئەم جۆرە پەرەپێدان بە دەسەڵاتە دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەستوورو هەلومەرجی لە ژێر پێنانی مافەکانی خەڵك‌و لادانی ئەوان لە چاودێری کردنی بەڕێوەبەریدا دەڕەخسێنێ[٤٦].

زۆر جارو لە زۆر شوێن دەبینرێ، کە دەستوور تەنها وەکوو دوکومێنتێکی ڕەسمی بوونی هەبووەو کاری پێ نەکراوە، بە تایبەتی لە دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی

[43] ئەو مەسەلەیە گفتوگۆی زۆری لەسەرە، کە دەستوور سروشتی یاسایی نیە، بەڵکوو سیاسییە، چونکە دەڵێن بنەمای دەستووری هەمان بنەمای یاسایی نیە، بۆ نموونە لە بابەتی سزاداندا.

[44] هاوپەیمانیی شارستانی بۆ هەڵبژاردنی ئازاد، دەستوور بۆ هەموان، ساڵی ٢٠٠٥، ل ١١

[45] د. سیدمحمد هاشمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢ تا ١٨٩

[46] دکتۆر سەید محەممەد هاشمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢ ـ ل ١٨٩

ناوەڕاستدا. فەرمانڕەواو دەسەڵاتداران بە تەواوی هێزی خۆیانەوە دەسەڵات بەڕێوە دەبەن‌و گۆڕەپان بۆ لایەنی بەرامبەر واتە خەڵك بەرتەسك دەكەنەوەو جێگایەك بۆ بەهرەمەند بوون لە ئازادی‌و خۆنیشاندانی تاكەكان نامێنێتەوە، تەنانەت هەندێ دەوڵەت، كە دەسەڵاتی دیكتاتۆر بە سەریدا زاڵە، تەواو بە پێچەوانەی ناوەڕۆكی دەستوور دەجووڵێتەوەو مافەكانی مرۆڤ پێشێل دەكات، بۆ نموونە دەستووری كاتی ساڵی ١٩٧٠ی عێراق لە ماددەی ٥و لە بڕگەی (ب)دا دەڵێ: "گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەكی پێك هاتوە، كە نەتەوەی عەرەب‌و نەتەوەی كوردن. ئەم دەستوورە بڕیار لە سەر مافە نەتەوەییەكانی گەلی كوردو مافی ڕەوای كەمایەتییەكانیتر دەدات لە چوارچێوەی یەكێتیی عێراقدا"[٤٧]. بەڵام ڕژێمی عێراق بە بێ گوێدان بەم دەستوورە، كە بۆ خۆی داینابوو، هەر خۆشی پێشێلی كرد.

هەروەها لە ماددە ٨٣ی دەستووری كۆماری عەرەبی سووریا ساڵی ١٩٧٣ی هەموار كراودا دەڵێ: "مەرجە ئەو كەسەی دەپاڵێورێ بۆ سەرۆكایەتی كۆمار، عەرەبی سووری بێ، مافەكانی مەدەنی‌و سیاسی هەبێ، ٣٥ ساڵ تەمەنی بێ. بەڵام كە حافیز ئەسەد مرد بەشاری كوڕی ٣٤ ساڵ تەمەنی بوو، هەر بۆیە ئەو ماددە دەستوورییەیان لە ٣٥ ساڵەوە گۆڕی بۆ ٣٤ ساڵ، هەر لە بەر ئەوەی بەشار ئەسەد لە جێگای باوكی دابنێن، واتە دەستووریان لە بەر تاكەكەسێك گۆڕی. ڕاستیەكەش ئەوەیە، كە دەستوور ڕێكخەری تەواوی كاروباری دەوڵەت‌و دیاریكەری پەیوەندی نێوان دەسەڵاتداران‌و بەڕێوەبەرانی كۆمەڵگەیەكی سیاسییە. ڕەخساندنی هەل بۆ بەڕێوەچوونی دەستوور وەك خۆی، ئەگەر دەستوورەكە بە پێی بنەماكانی دیموكراسی دانرابێ گرنگی‌و بایەخی لەوەدا دەردەكەوێ، دەرگاو دەلاقەكانی سەرەڕۆیی دەبەستێ‌و ئازادی‌و ڕێز بۆ تاكەكان مسۆگەر دەكات‌و پێداویستییەكانی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری سیاسی‌و كۆمەڵایەتی دەستەبەر دەكات. لەو دەوڵەتانەی سەرانیان ڕێز لە دەستوور دەگرن، دەستوورەكانیان دەقی لە سەر هەبوونی دادگای دەستووری هێناوەتەوە. بۆ

[47] الدستور العراقي المؤقت الصادرة في ١٦ تموز ١٩٧٠.

شیکردنەوەو لێکدانەوەی ماددەکانی دەستوورو جەخت کردنەوە لە سەر پێشێل نەکردنی لە لایەن حکوومەتەوە. بەڵام دەوڵەتێکی وەکوو بەریتانیا دادگای دەستووری نییە، لە جیاتی ئەوە پەرلەمانو دادگای ئاسایی دەسەڵاتی زیاتریان پێ دراوە بۆ دیاری کردنی دەستووری بوونی چالاکییەکانی حکوومەت[48].

دەستوور لە هەر دەوڵەتێکدا گرنگیو بایەخی خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١) دەستوور بنەچەی دەسەڵاتدارێتیی خەڵکە، چونکە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتییەوە (ئەگەر بە دیموکراتیەت دانرابێ) ڕەوابوونی خۆی وەرگرتوە. ئەم ڕەسانەیەتییەش دەربڕی مافە تاکەکەسیەکانو پێویستییە کۆمەڵایەتیەکانە، لە لایەکی دیکەشەوە دەستەبەر بوونی هێزی دەسەڵاتداران لە ژێر چاودێری بەردەوامو ڕێکوپێکی میللەت بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی لە ناوچوونو نەمانی هۆکارەکانی ترسو خۆفی خەڵك.

٢) دەستوور بریتییە لە پەیڕەوی بەڕێوەبەرانی سیاسی لە یاسا نەگۆڕو دیاریکراوەکان. هەر بۆیە زۆر ئاساییە، کە دەسەڵاتداران لە میانەی کارکردنیاندا هەڵە بکەن، بۆیە کاربەدەستانی حکوومەت دەبێ بکەونە ژێر چاودێری وردی خەڵكو نوێنەرە ڕاستەقینەو هەڵبژێردراوەکانیان لە پەرلەماندا.

٣) دەستوور بەشێکی بریتییە لە مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکانیان، لەم پەیوەندییەدا پێویستە دەستوور پێکهاتەی سیاسیو چۆنیەتی هەر جۆرە بەکارهێنانێکی دەسەڵاتی گشتی بە پێی مافە سرووشتییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا دیاری بکات[49].

جگە لەوانەی لە سەرەوە باس کران، دەستوور لە باس کردنی جۆری دەوڵەتدا بڕیار لە سەر ناوەندی بوونی (مرکزية الدولة) یا ناناوەندی بوونی یان فیدرالی دەدا، یا شێوازەکانی حکوومەت، پاشایەتی یان کۆماری، یان شێوازی سیستەم، پەرلەمانی یان سەرۆکایەتی دیاری دەکات.[50]

---

48 منصور الجمري، سەرچاوەی پێشوو، ص ١.

49 د. سەید محەمەد هاشمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢ ـ ل ١٨٩.

50 الدکتور فیصل شطناوي، النظام الدستوري الاردني، طبیعة الدستور، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، عمان ـ الأردن، ص ١٨.

دەستوور زۆر بابەتی دیکەش لەخۆ دەگرێ، وەك سروودو ئاڵای دەوڵەت، هەندێ جاریش زمانە فەرمییەکانی ئاخاوتن‌و پێکهاتەکانی نەتەوەیی‌و ئایینی فەرمیی دەوڵەت دەناسێنێ، هەروەها سنووری هەرێمایەتی‌و پایتەختی دەوڵەت دیاری دەکات[51]و. . . هتد.

وەك لە پێشەکی دەستووری ساڵی ١٩٩٦ی دەوڵەتی کۆماری باشووری ئەفریقادا[52] هاتوە: "بۆیە بڕیارمان لە سەر ئەو دەستوورە داوە، لە ڕێگای نوێنەرانی بە ئازاد هەڵبژێردراومان وەك بەرزترین یاسا بۆ کۆمار، لە بەر ئەوەی دابەش بوونی ڕابردوومان چاك بکاتەوەو کۆمەڵگاکەمان لە سەر بنەڕەتی بەهاکانی دیموکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی‌و مافەکانی مرۆڤ دابمەزرێنێ. . . . . . . .".

ئەم باسانە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی، کە بایەخی بوونی دەستوور یەکێکە لە گەرەنتییە سەرەکییەکانی ملکەچبونی دەوڵەت بۆ یاسا.

51 هاوپەیمانیی شارستانی بۆ هەڵبژاردنی ئازاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢.

52 طارق محمد سعيد جامباز، اعداد: دستور جمهورية جنوب أفريقا لعام ١٩٩٦، ترجمه من الانجليزية: عبدالكريم ابوبكر هموند، من مطبوعات المجلس الوطني لكردستان العراق، سنة ٢٠٠٥ اربيل ـ كردستان.

**باسی دووههم**

## مافی پێکهاتهکانی دهوڵهتو ئازادییه گشتییهکان له سێبهری دهستووردا

له دهوڵهتانی دیموکراتو ئازاد، دهستووری دهوڵهت باسی پێکهاتهکانی دهوڵهت دهکاتو مافو ئازادییه گشتییهکانیان دهستهبهر دهکات. لهم توێژینهوهیهدا بهم شێوهیه باسیان دهکهین:

مهبهستی یهکهم: دهوڵهت نهتهوهو کهمینهی تێدایه.
مهبهستی دووههم: مافی کهمینهکان له پهیماننامه نێودهوڵهتییهکاندا.
مهبهستی سێیهم: مافی پێکهاتهکانی دهوڵهت له سێبهری دهستووردا.
مهبهستی چوارهم: دهستوور زامنی مافو ئازادییه گشتییهکان دهکات.

### مهبهستی یهکهم: دهوڵهت نهتهوهو کهمینهی تێدایه

ههموو دهوڵهتێك له سێ ڕوكن پێك دێت. له ههرێمی دهوڵهتهکهو دهسهڵاتی سیاسیو ئهو گهلهی لهو چوارچێوهیه دهژی، که بریتییه له نهتهوهکانو کهمایهتییهکانی نهتهوهییو ئایینیو کهلتووریو. . . هتد.[٥٣] سهبارهت به نهتهوه، گهلێك پێناسهی جۆراوجۆری بۆ کراوهو باوترینیان ئهوهیه[٥٤]، که نهتهوه کۆمهڵێك له تاکهکانه، که خاوهن زمانو خاكو فهرههنگو ڕهگهزو پیشینهی مێژوویی هاوبهشن، بهڵام پێناسهی نهتهوه (الأمة) بهپێی تێگهیشتنی سهردهم: ئهو زاراوهیه که گوزارشت له کۆمهڵه خهڵکێك دهکات که له سهر زهوییهکی

---

[53] الدكتور ماجد راغب الحلو، دراسة متعمقة فى القانون الدستوري و النظم السياسية، جامعة العلاقات الدولية، ص ٣٥.
[54] ئازاد وهلهدبهگی، سهرچاوهی پێشوو، ل ٢٩٧.

دیاریکراودا جێگیرن، بەرژەوەندیی هاوبەش پێکەوەی گرێ داون، کە پشت بە هەندێ بنەمای هاوبەش دەبەستن لە رەچەڵەك یان زمان یان ئایین یان مێژوو، کە مەبەستو ئامانجی دیاریکراوی هاوبەشیان هەیە، واتە نەتەوە لە دوو رەگەز پێك دێت:

١) رەگەزی ماددی: ئەو جێگیربوونە دەگەیەنێت لەسەر پارچە زەوییەکی دیاریکراودا.

٢) رەگەزی مەعنەوی: ئەو ئارەزووە هاوبەشە دەگەیەنێت لە ژیاندا، کە لەسەر پێوەندییەکی دیاریکراو بنیات نراوە، بە تایبەتی یەکیەتیی هیواو ئامانجە، کە ئەوەش وا لە تاکەکان دەکات مامەڵە لە نێوان خۆیاندا بکەن لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجانە، یان هێنانەدی هیواو ئاواتەکانیان.[55] بەڵام گەل (الشعب) بریتیە لە کۆمەڵە مرۆڤێك کە لەژێر سێبەری دەسەڵاتێکی دیاریکراودا دەژین، ملکەچن بۆ سیستەمێکی دیاریکراو.[56] د.ئیسماعیل بیشکچی نووسەری ناسراوی تورکو پسپۆری بواری کۆمەڵناسی پێی وایە ئەو گەلانەی خاوەن خاکی خۆیانن‌و سەربەخۆییان بە دەست نەهێناوەو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکیتری خاوەن سەروەریدا دەژین، ئەگەر ژمارەشیان لەو گەلەی‌تر، کە لە گەڵیدا دەژین کەمتر بێت، بە کەمینە دانانرێن. . . پێی وایە گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی، کە تێیدا دەژی ئەگەر بە ژمارەش کەمتر بێت بە کەمینە دانانرێت، چونکە کورد نەتەوەیەکە خاوەن خاکی تایبەتی خۆیەتی‌و هەموو بنەماکانی دیکەی گەلی تێدایەو بە پێی پێوەرەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانیش مافی رەوای خۆیەتی بە مافی چارەی خۆنووسینی بگات. بە گوێرەی پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، تەنها گەلان ئەم مافەیان هەیە، بەو پێیە هەر کەمینەیەك وەك گەل دانی پێدا بنرێت، ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بە مافی چارەی خۆنووسینی خۆی بگات، ئەوەش دوو جۆرە، یەکەمیان مافی چارەی

---

[55] الدكتور خالد الزعبي، مبادىء القانون الدستوري و النظم السياسية، الطبعة الاولى، عمان، المملكة الأردنية الهاشمية، ١٩٩٦، ص ٨٧.

[56] نفس المصدر، ص ٨٧.

خۆنووسینی دەرەکییە، کە بە مانای سەربەخۆیی گەلەکەو گۆڕینی سنووری ئەو دەوڵەتە دێت، کە ئەو گەلەی تێدا دەژی، دووەمیان مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆییە. ئەم جۆرە کێشەی گەلەکە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا چارەسەر دەکات، کە تێدا دەژیو سنووری دەوڵەتەکە گۆڕانگاری بە سەر نایەت، بۆ نموونە چارەسەر کردنی کێشەی گەلان بە شێوازی فیدراڵی. ساڵی ١٩٨٠ کومیتەی مافی مرۆڤ پاش ڕادەربڕینی لە سەر فایلێك هاتە سەر ئەو بڕوایە، کە مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافی تاقمێك لە خەڵك نییە بەڵکوو مافی نەتەوەکانە[٥٧].

لە دەستووری ساڵی ١٩٥٨ی دەوڵەتی عێراقدا کورد لە کوردستانی عێراقدا وەك نەتەوەیەك دانی پێدا نراوە. بەڵام سەبارەت بە کەمینە (أقلیات) کومیتەی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکیاندا، کە لە ١٠/٨/١٩٩٣ بڵاو کراوەتەوە بەم شێوەیە پێناسەی کردووەو دەڵێت: "کەمینە کۆمەڵە کەسانێکن، کە لە هەرێمی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریدا جێگیرنو کەمتر لە نیوەی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتە پێك دەهێننو لە ئیتنی (عرق)و ئایینو زماندا هاوبەشنو بەوەش لە تێکڕای دانیشتوانی دەڵەتەکە جیا دەکرێنەوە. بە پێی ئەم پێناسەیە، کەمینە چەند ڕەگەزێکی تێدایە، لەوانە حاڵەتی کەمی ژمارە، حاڵەتی کونترۆڵ نەکردن، هەست کردن بە هاوکاری لە نێوان ئەندامانی کەمینەو جیاوازییان لە تێکڕای دانیشتوانی دەوڵەتەکە، بۆ نموونە لە عێراقدا تورکمان کەمینەیەکی نەتەوایەتییە، هەروەها ئاشووریو ئەرمەنیەکانیش. د.کەماڵ سەید قادر پسپۆری بواری یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پێناسەی کەمینە دەڵێت: "کەمینە بە کۆمەڵە کەسانێك دەوترێت، کە بە ژمارە لە کۆمەڵێکیتر لە ناو دەوڵەتێکدا کەمتر بن، بەڵام خاوەن خاکێکی تایبەت بە خۆیان نەبن، مەرجیش نییە میللەتێکیش بن، چونکە دەکرێت لە ناو میللەتێکیشدا کەمینە هەبێت، بۆ نموونە ئیزیدییەکانی کوردستان کەمایەتییەکی ئایینین لە ناو میللەتی کورددا. بەو پێوەرە سابئەکانیش

---

[57] امیر ساعد وکیل، حقوق بشر، صلح و امنیت بین المللی، ص ٢٨٤ـ ٢٨٧، ١٣٨٣، محل چاپ، تهران ـ مجتمع علمی و فرهنگی مجد.

کەمینەیەکی ئایینین لە ناو عەرەبدا. بەجۆرە ئەمڕۆ لە دنیادا کەم دەوڵەت هەیە، کە تەنیا لە نەتەوەیەك یان پێکهاتەیەك پێك هاتبێ، جا پێکهاتەی نەتەوەیی یان ئایینی بێ، بەڵکوو زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی دنیا فرە پێکهاتەن، ئەگەر هەموویان نەبن. بۆ نموونە عێراق دەوڵەتێکی مۆزائیکە، لە نەتەوەدا عەرەبو کوردو تورکمانو کلدو ئاشووریو ئەرمەنی تێدایە، لە ئاییندا موسڵمانو مەسیحیو ئیزیدیو سابئەی تێدایە، لە مەزهەبدا لقە جۆراوجۆرەکانی سوننەو شیعەو کەنیسەی جۆراوجۆر. لە ئێرانیشدا جگە لە نەتەوەی فارس، نەتەوەکانی تورك، کورد، بلووچو عەرەب دەژین، جگە لە کەمە ئایینیو نەتەوەییکانیش. هەروەها تورکیاش جگە لە نەتەوەی تورك، کورد، عەرەبو ئەرمەنو. . . هتد هەن. بە هەمان شێوە پێکهاتەکان لە دەوڵەتانی عەرەبیدا لە سەر بنچینەی جۆراوجۆر دابەش بوون، بۆ نموونە دەوڵەتانی میسر، سوودانو لوبنان لە سەر بنچینەی ئایین دابەش بوون. عێراق، سووریاو لوبنان لە سەر بنچینەی تائفی دابەش بوون یان پێك هاتوون. دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی دنیا فرە پێکهاتەن، وەك چین، هیندستان، سۆڤیەتی جارانو ڕووسیای فیدراڵی ئێستاو دەوڵەتی باشووری ئەفریقیاو سویسراو بەلجیکاو کەنەداو. . . هتد. لەبەر ئەوە گرنگە دەستوور بوونی هەبێتو جێبەجێ بکرێت، مافی کەمایەتیەکانی تێدا زامن بکرێت.

### مەبەستی دووهەم: مافی " کەمینەکان" لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا

شەڕی یەکەمی جیهان کارەساتی مرۆڤایەتی گەورەی لێ کەوتەوە، مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی یەکجار فراوان پێشێل کران، هەروەها پەیماننامەی ڤێرسای لە ساڵی ١٩١٩ پاراستنی مافەکانی مرۆڤی لەسەر دەوڵەتە دۆڕاوەکانی شەڕ بە زەروور دانا، نەك لەسەر دەوڵەتە سەرکەوتوەکان. لەوەش خراپتر پەیماننامەی

کۆمەڵەی گەلان (میثاق عصبة الامم) ئاماژەی بە پاراستنی مرۆڤ نەکردبوو[58]، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەکرێ بڵێین ئەم پەیماننامەیە کاریگەرییەکی باشی لەسەر پەیماننامەکانی‌تری تایبەت بە مافی کەمینەکان هەبوو،و ئەوەش وەکوو خاڵێکی پۆزەتیڤی ئەو پەیماننامەیە دەناسرێ، چونکوو بنەماکانی یەکسانی کەمینەو زۆرینەی لە بەرامبەر یاساو هەروەها پاراستنی ئازادی ئایینو ڕۆشنبیریو مومارەسەی دابو نەریتەکانی ڕێك خستبوو. دیباچەی ڤێرسای بووە بنەمایەك بۆ کۆمەڵەی گەلان لەو پەیماننامانەی، کە بەستران لە نێوان هاوپەیمانان "حلفاء"و "نەمسا" لە ساڵی ١٩١٩و پەیماننامەی "تریانو" لەگەڵ هەنگاریا لە ساڵی ١٩٢٠و پەیماننامەی سیڤەر لەگەڵ یونان هەر لە ساڵی ١٩٢٠. واتە پەیماننامەکانی ساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٢٠ هەندێ گەرەنتی‌یان لە خۆ گرتبوو، ئەگەرچی مافەکان لە ناوەڕۆکدا کەم بوون، بەڵام بۆ هەلومەرجی ئەوکات بە دەسکەوتێکی باش دەزانرا. ئەم مافانە بە کورتی بریتی بوون لە:

١) پابەند بوون بە پاراستنی مافی کەمینەکان،

٢) کەمینەکان مافی ئەوەیان پێ درا، کە بتوانن سکاڵاکانیان بگەیەننە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان "مجلس العصبة"،

٣) دادگای دادی نێودەوڵەتی (محكمة العدل الدولية) دیاری کرابوو بۆ لێکدانەوەو ڕوون کردنەوەی کێشەکان لە جێبەجێ کردنو بە ئەنجام گەیاندنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.

پاش شەڕی دووهەمی جیهانو دروست بوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لە ساڵی ١٩٤٥ پێکهاتەی پاراستنی کەمینەکان ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتو گرنگیو بایەخی زیاتری پێ دراو مافی کەمینەکان بۆ یەکەم جار لە دۆکومێنتی UNی تایبەت بە مافی مرۆڤدا ڕاشکاوانە ئاماژەی بۆ کراوە.

کاتێ پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافەکانی مەدەنیو سیاسی لە لایەن ئەنجومەنی گشتی UN لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ دەرچوو، لە مادده

---

[58] دیندار شیخانی، حقوق الاقلیات فی الاتفاقیات و المواثیق الدولیة، ص١.

٢٧ی ئەو پەیماننامەیەدا دەقی لەسەر مافی کەمینەکانو پاراستنی لە باری سیاسیو دەستوورییەوە هێناوەتەوەو دەڵێ: "لەو دەوڵەتانەی، کە کەمینەی نەتەوەییو ئایینیو زمانەوانی تێدایە، نابێ ئەو کەسانەی سەر بە ئەوانن ڕێگەیان لێ بگیرێ لە بە کارهێنانی مافی خۆیانو پەیڕەوی ئایینی خۆیانو بە کار هێنانی زمانی خۆیان لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەکەیان"[59]. پرۆژەی "المیثاق الخاص بحقوق الانسان و الشعوب"[60] لە نیشتمانی عەرەبی، کە لەساڵی ١٩٨٧ ئامادە کرابوو ئاماژەی بە مەسەلەی کەمایەتیەکان کردوەو مادده ٣٥ی بۆ تەرخان کردوە، کە تێدا هاتوە: "ئەو کۆمەڵە نیشتمانیانەی هەست کردن بە پەیوەندییەکانی ئەتنیك (عرق)و ڕۆشنبیری کۆیان دەکاتەوە، مافی خۆیانە پارێزگاری لەو مافەیان بکەن لە نێوان خۆیاندا، زمانی خۆیان بە کار بهێنن". دەرچوونو ڕاگەیاندنی مافی ئەو کەسانەی، کە سەر بە کەمایەتی نەتەوەییو ئایینیو زمانەوانینو بڕیاری ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانی ژمارە ٤٧/١٣٥ دەیان گرێتەوە، کە لە ١٨/١٢/١٩٩٢ دەرچووە، گۆڕانێکیتر بوو لە گۆڕەپانی دان پێدانان بە مافی کەمایەتییەکان کە بەرهەمی ماندوو بوونو خەباتی درێژخایەنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بوو. هەروەها کونگرەی جیهانی مافی مرۆڤ، کە لە حوزەیرانی ١٩٩٣ لە ڤییەن بەسترا، مافی کەمینەکان جێگای شایستەی خۆی پێ درابوو لە گفتوگۆکاندا. بڕگەی ١٩ی ئەو ڕاگەیاندنە گرنگیو بایەخی بە پاراستنی تاکەکان داوە، کە سەر بە کەمینەکانو لە کۆبوونەوەی لوتکەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ماوەی (٦ـ٨)/٩/٢٠٠٠دا جارێکیتر جەخت لەسەر مافی کەمایەتیەکان کراوەتەوە.[61]

بە لەبەر چاوگرتنی یاسای گشتی نێودەوڵەتی کەمینەکان ئەم مافانەیان هەیە:

---

[59] الدکتور حمید حنون خالد، المصدر السابق، ص ١٩٩ـ ٢٠٠.

[60] الدکتور ریاض عزیز هادی، دراسات دستوریة العراقیة، المصدر السابق، ص ١٩٩ ـ ٢٠٠.

[61] دیندار شێخانی http//www.alqosh.ntt، حقوق الاقلیات والمواثیق الدولیة.

١) **مافی پاراستنی بوون (وجود):** ئەم مافە بە مافێکی دەستەجەمعی کەمینەکان دادەنرێت، کەمینە لە دەست درێژی دەوڵەتو هەر لایەنێکیتر دەپارێزێت، بە پێی ئەم مافە کەمینەکان بۆیان هەیە مافە تایبەتییەکانیان پیادە بکەن، بە پێی ماددە ٢٧ی پەیماننامەی تایبەت بە مافە سیاسیو مەدەنییەکانی ساڵی ١٩٦٦.

٢) **قەدەغە کردنی دروست کردنی جیاوازی:** ناکرێت جیاوازی لە نێوان ڕۆڵەکانی گرووپێکدا بکرێت لەسەر بنەمای ئایینی، "عرق"، زمان، بنەچەو یا هەر هۆیەکیتر، هەروەها پێویستە زامنی یەکسانی هەموو تاکەکان لە بەرامبەر یاسادا بکرێت.

٣) **مافی ڕۆشنبیری:** ئەندامانی کەمینەکان مافی ئەوەیان هەیە بە ئازادیو بە یەکسانی بایەخ بە بواری ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆیان بدەن.

٤) **مافی زمانەوانی:** ئەندامانی کەمینەکان مافی خوێندنو پێشخستنی زمانی دایکو بە کار هێنانی ئەم زمانەیان لە قسەکردنو نووسینو ژیانی گشتیو تایبەتیدا هەیە.

٥) **مافی ئایینی:** کەمینەکان مافی ئەوەیان هەیە کە ئایینی تایبەت بە خۆیانیان هەبێتو ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان بە ئازادیو بە ئاشکرا بەڕێوە بەرن، هەروەها مافی گۆڕینی ئایینی خۆیانیان هەیە.

بە کورتی دەستەبەر کردنی مافی کەمینەکان لەسەر ئاستی نیشتمانیو لە دەستووردا لە چەند قۆناغێکدا خۆی بەرجەستە دەکات.[٦٢]

✓ ڕێز گرتن لە مافی کەمینەکان، ئەمەش بەوە دەکرێ ڕێگەیان لـێ نەگیرێ لە خەباتو تێکۆشانیاندا بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان.

---

[62] لە دەستووری ساڵی ١٩٩٦ی باشووری ئەفریقیا لە ماددەی ٣١و لە خاڵی یەکەمدا مافی کەمینەکان چارەسەر کراوەو دەڵێ: "نابێ ئەو کەسانەی کە سەر بە کۆمەڵە ڕۆشنبیری یان ئایینی یان زمانەوانین لەگەڵ ئەندامەکانیتری ئەو کۆمەڵەیە بێبەش بکرێن لە: الف: شاد بوونیان بە ڕۆشنبیرییەکانیان، پەیرەوکردنی ئاینیانو بەکار هێنانی زمانەکانیان. ب: پێکەوەنانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریو ئایینیو زمانەوانیو چوونە پاڵیانو درێژەپێدانیان".

✓ پارێزگاری له مافی کەمینەکان بکرێت، واته دەوڵەت یان ڕەگەزەکانیتری ناو کۆمەڵگا مافەکانیان پێشێل نەکەن.

✓ ئیش پێ کردنی مافەکانیان، به مانای وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست له یاسادانانو دادوەریو ئابووریو . . . هتد بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان.

### مەبەستی سێهەم: مافی پێکهاتەکانی دەوڵەت له سێبەری دەستووردا

ڕێنسانس که له سەدەی شازدەهەم به دواوه له ئەورووپا سەری هەڵدا به بەردی بناغەی پێکهێنانی دەستوورەکان دادەنرێ که مافەکانی مرۆڤو ئازادییه گشتییەکانی بەرز کردەوه، بیروڕای فەیلەسووفەکانی وەك "جون لوك" له ئینگەلتەرە، "جان جاك ڕۆسۆ" له فەرەنساو سیاسەتمەداری وەك "توماس جفرسۆن" له ویلایەته یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕۆڵی گەورەیان لەم بوارەدا گێڕاو بوونه هۆی ئەوە که هەندێ له گەلان ئازادی مەدەنیو ئەدەبی به دەست بهێننو له ڕێگەی گۆڕان له سەروەری مەلیکەوه بۆ سەروەری نەتەوەو ببنه خاوەنی سەروەری خۆیان[63]. دەستوور ئەمڕۆکه له دەوڵەته دیموکراتیەکاندا سیمای شارستانیەو ڕێزی لێ دەگیرێ، چونکه، له دانانی دەستوور یان هەموار کردنیدا هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بەشدار دەبنو زۆربەی مافەکانیان له ناو دەستووری دەوڵەتدا ڕەنگ دەداتەوه. بەڵام له دەوڵەته دیکتاتۆرو سەرەڕۆکاندا کاریگەری ئایدیولۆجیا، له دەستووردا بەدی دەکرێ، بۆیه خواستو ویستەکانی کۆمەڵگاو بنەما دیموکراتیەکانو مافەکانی مرۆڤ نەهاتنه دی، هەر وەك له سەدەی بیستەمدا بینیمان که ئەو دەستوورانەی له لایەن ڕژێمه شمولیەکان به شێوازی نادیموکراتی دانرابوون، چ ئاکامێکی خراپی لێ کەوتەوه، به تایبەتی له ئەورووپای ڕۆژهەڵات پاش تەواو بوونی شەڕی سارد که بووه مایەی لێك هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی جارانو کۆتایی هێنان به چەندین ڕژێمیتر که له دەورو خولی سۆڤیەت دەسوورانەوه، چونکه هەموویان سیستەمی تۆتالیتاری(شمولی) بەڕێوەی دەبرد، ئەگەرچی له دەستووردا مافی پێکهاتەی

---

[63] دیندار شیخانی، المصدر السابق، ص١

نەتەوەو کەمینەکان دیاری کرابوون، بەڵام چونکە دیموکراتی نەبوون کاریان پێ نەدەکرا. یەکێتیی یوگوسلاڤیا دواهەمین دەوڵەتی لەو چەشنە بوو کە لە شەش کۆمار پێك هاتبوو، ساڵی ١٩٩٠ چوار کۆماری لێ جیا بووەوە کە بریتی بوون لە سلوڤینیا، مەکدونیا، کرواتیاو بۆسنە، مونتینیگرۆو سربیاش لە ناو یەکیەتییەکەدا مانەوە کە دواین جار کۆماری مونتینیگرۆ لە ٢١/٥/٢٠٠٦ بە بەشداری ٨٦,٢٪ی دەنگدەران لە ڕیفراندومێکی سەرکەوتوودا بەشداری کردو ٥٥,٥٪ی بەشداربوان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، هەر بۆیە بە بڕیارێك لە کۆماری سربیا جیا بوونەوە، بەمجۆرە کۆتایی بەو دەورانەش هات[٦٤]. لە دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە دوای تەواوبوونی شەڕی سارد مافەکانی گەلو نەتەوەو پێکهاتەکان لە بەر چاو گیراوەو دەوڵەت کاری پێ دەکات لە دانانی یاساو بنەماکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەو کەمینە ئایینیو نەتەوەییەکانو مافی چارەنووس بە شێوەی ئوتۆنومیو فیدراڵی یان جیا بوونەوە وەك دەوڵەتی سەربەخۆ، هەر وەك لە کۆماری مونتینیگرۆدا بینیمان کێشەکان یەکلایی کرانەوە، بۆ نموونە لە دەستووری یەکێتی بوسنیاو هەرزە گوڤینای ساڵی ١٩٩٤و لە ماددەی ١دا هاتوە[٦٥]: "بوسنیەکانو کرواتەکان وەك دوو گەلی سەرەکی لە گەڵ ئەوانی دیکەو هاوولاتیانی بوسنەو هەرسك لە هەرێمەکانی یەکێتیی بوسنەو هەرسكدا مافی سەروەری خۆیان پیادە دەکەنو هەڵدەستن بە گۆڕینی ژێرخانی ناوخۆیی هەرێمەکانی فیدراڵی کە لە پاشکۆی دووەمدا دیاری کراوە بۆ سازان لە چوارچێوەی ئیشو کاری گشتیدا، لە بەر ئەوەی یەکێتیی بوسنەو هەرسك، ئێستا پێك هاتوە لە یەکەی یەکگرتووی خاوەن مافو لێپرسراوێتیی یەکسان".

هەروەها لە لقی پێنجی هەمان دەستووردا هاتوە، ئەو کانتونانەی خاوەنی سیستەمی تایبەت بە خۆیانن لە سردنیا، بۆسنیاو نرتڤادا، لە بڕگەی ٢ی ماددەی ٢١دا دەڵێ: "ئەو بڕیارانەی پەیوەندی بە بەرژەوەندی هەر گەلێك هەیە،

---

[64] ئا: هاوکار قادر، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٩٨٠)، ڕێکەوتی ٢٩/٥/٢٠٠٦.

[65] المحامی طارق محمد سعید جامباز، اعداد: دستورأتحاد بوسنیا و الهرسك لعام ١٩٩٤، ترجمە: المحامی عبدالکریم ابوبکر هموند، کوردستان ٢٠٠٥، ل٥.

پێکهاتە سەرەکی‌یەکانی کانتون لە دەستەی یاسادانان‌دا، پێویستە ڕەزامەندی زۆرینەی نوێنەرانی کرواتو زۆرینەی نوێنەرانی بۆسنە وەربگیرێت، ئەگەر زۆرینەی نوێنەران لە گەڵ ئەو دەقە (نص) نەبوون لیژنەیەکی هاوبەش لە نوێنەرانی بۆسنەو هەرسك بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیە پێك دەهێنریو ئەگەر ئەم لیژنەیە لە ماوەی حەفتەیەکدا نەیتوانی چارەسەری بکات، پێویستە بەرزترین دادگای کانتونەکان چارەسەری بکات، بە بڕیارێك کە قابیلی دەست پێکردنەوە (للأستئناف) بێ لە دادگای دەستووری فیدراڵ".[٦٦]

دەستووری ساڵی ١٩٧٨ی ئیسپانیا لە ناونیشانی هەشتەمدا، دەربارەی ڕێکخستنی هەرێمایەتی دەوڵەت لە فەسڵی یەکەم پرەنسیپە گشتی‌یەکانو لە ماددەی ١٣٧دا دەڵێ[٦٧]: "دەوڵەت بە شێوەیەکی هەرێمایەتی دابەش کراوەو پارێزگاو کۆمەڵگا ئوتونومیەکان، تێکڕای ئەم کیانانە سەربەخۆن لە ڕاپەڕاندنی بەرژەوەندییەکانیان". هەروەها لە بڕگەی ١ی ماددەی ١٤٧دا هاتوە: "لە چوارچێوەی ئەحکامەکانی ئەم دەستوورە یاسا ئەساسیەکان (دەستوورە ئوتونومیەکان) دەبنە پێوەر، ڕێسای دامەزراوەیی بناغەیی هەر کۆمەڵگایەکی ئوتونومیو دەوڵەتیش دانیان پێدا دەنێتو پارێزگارییان دەکات وەکوو بەشێك لە پێکهاتەی سیستمی قەزایی خۆی.

لە بڕگەی ٢دا دەڵێ: یاسا ئەساسی‌یەکانی ئوتونومی پێویستە ئەمانەی خوارەوە لە خۆ بگرن:

أ. ناوی کۆمەڵگاکە باشتر وایە گوزراشت لە پێناسەی مێژوویی‌یەکەی بکات.

ب. دەستنیشان کردنی خاکەکەی خۆی.

ت. دەستنیشان کردنی ناوو ڕێکخستنی بارەگای دامەزراوە ئوتونومی‌یە تایبەتی‌یەکانی خۆی.

---

66 دستور اتحاد بوسنيا و الهرسك لعام ١٩٩٤

67 تارق جامباز (ئامادەکردن)، دەستووری ساڵی ١٩٧٨ی ئیسپانیا، وەرگێڕانی لە ئیسپانیەوە: پارێزەر محەمەد کاکەیی.

پ. ئەو تایبەتمەندییانەی کە پێی دراوە لە چوارچێوەی دەستووردا، هەروەها ئەو بناغانەی کە لە ڕێگایانەوە خزمەت گوزارییەکان دەگوازرێتەوە.

هەروەها لە دەستووری فیدراڵیەکانو دەستووری کۆماری باشووری ئەفریقیا[68]ی ساڵی ١٩٩٦دا، سەبارەت بە مافی پێکهاتەکانو زمانەکانیان، لە بڕگەی ١ی ماددە ٦دا دەڵێ: "زمانە ڕەسمی‌یەکان لە کۆماردا ئەمانەن، سیبیدی (sepedi)، سیسوزو (Sesotho)، سیتسوانا (setswana)، سیسواتی (siswati)و تشیڤاندا (thshivenda). . . . تاکوو هەر یازدە زمانەکە دەژمێرێ.

لە بڕگەی ١ی ماددە ٣١دا دەڵێ: "نابێ ئەو کەسانەی سەر بە کۆمەڵە ئایینی، ڕۆشنبیری یا زمانەوانی‌یەکانن، بێبەش بکرێن لەو مافەیاندا لە گەڵ ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە:

أ. لە بەکار هێنانی ڕۆشنبیریەکانو پیادە کردنی ئایینو زمانەکانیان.

ب. لەوەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریو ئایینیو زمانەوانی پێك بهێننو بچنە ناویو ئیشی تێدا بکەن.

سەبارەت بە گونجاندنی دەستوورەکەیان لە گەڵ ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتی‌یەکان لە بڕگەی ٥ی ماددە ٢٣١دا هاتوە: کۆمار پابەندە بە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی کە خۆی پێی پابەند کردوە لە کاتی جێبەجێ کردنی دەستوور.

هەروەها سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین لە ماددەی ٢٣٥دا دەڵێ: "گەلی باشووری ئەفریقا هەموویان ڕێگەی ئەوەیان لێ ناگیرێ لە مافی چارەی خۆنووسینی ڕوون کراوە لەو دەستوورە، لە چوارچێوەی ئیش کردنی بەو مافە لە دان پێدانانی نەتەوە بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەر کۆمەڵێك کە هاوبەشە لە کەلتووری زمانەوانیو ڕۆشنبیری گشتی لە چوارچێوەی پێکهاتەی هەرێمەکەی لە کۆماردا یان بە هەر شێوازێکیتر کە بە یاسای نیشتمانی دیاری کراوە.

بەم شێوەیە بینیمان مافی پێکهاتەکانی دەوڵەتانی ئازادو دیموکرات لە سێبەری دەستوورەکانیاندا زامن کراوە لە ئاستی زەماناتی گشتی‌دا کە هەموو

[68] دەستووری کۆماری باشووری ئەفریقیای ساڵی ١٩٩٦، سەرچاوەی پێشوو.

هاوولاَتیان دەگریتەوە، لە میانەی هیّنانەوەی دەق (نص) لە سەر مــافی مرۆڤــو هاوولاَتی بوون، بە گویّرەی پرەنسیپە نیّودەولّەتیەکانو دیّکـومیّنتی ڕیّکخـراوە نیّودەولّەتی‌یەکان لە سەر ئاستی زەماناتی تایبەتیش سەبارەت بە مافی هــەموو پیّکهاتەکان بە دەق هیّنانەوە، بۆ گەرەنتی کردنی دەستوور لە لایـەن دەولّەتــەوە مسۆگەر کراوە. بەلاَم لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستی گـەورە بـە گشـتیو لـە جیهـانی عەرەبی بە تایبەتی جگە لە ئەفغانستانو عیّراق کە تازە هــەنگاوی یەکـەمیان هەلّیّناوە لــە ڕیّگــەی حکومــەتی دەســتووری‌یەوە بــۆ چارەســەر کردنــی مــافی پیّکهاتەکانیان لە چوارچیّوەی دەستوورەکانیاندا، دەولّەتانی دیکـە بـە تایبــەتی ئەوانەی فرە پیّکهاتەن تا ئیّستاش دەستوورەکانیان تەنها لە بەرژەوەندی گـەلانی سەر دەستەو پیّکهاتە نەتەوەییو کەمینەکان لە دەستووردا نە تەنها مافەکانیان زامن نەکراوە، بگرە لە لایەن دەولّەتەوە بۆیان نەسـەلمیّنراوەو لـەوەش خـراپتر بـە توندترین شیّوە پیّشیّل کراوە، بۆ نموونە: لە دەولّەتی ئیّراندا[69] لە گەلّ ئەوەی کـە دەولّەتیّکی فرە پیّکهاتەیە، لە هیچ شویّنیّکی دەستووردا نـاوی هــیچ کـام لـەو گەلو نەتەوەو کەمینانە نەهاتوە، تەنیا "ملـت ایـران" بـۆ ئامــاژە بــە هــەموو نەتەوەکان بە کار هاتوە، سێ جار وشەی فارس هاتوە، هەر سێ جاریش مەبەست زمانو ئەدەبیاتی فارسی‌یە، بە هەمان شیّوە لــە تورکیـاو سـووریاو دەولّـەتانی لەچەشنی ئەوان.

## مەبەستی چوارەم: دەستوور زامنی مافو ئازادییە گشتییەکان دەکات

فەیلەسووفە دالاَنیەکان (الرواقیین) بیرۆکەی مافە سروشتییەکانیان بۆ خەلّك داناو ڕایانگەیاند، کە باوەڕ بەم بیرۆکەیە مافیّکی ڕەواو ڕەهایە بۆ هەموو تاکەکانو تیّکڕای مرۆڤایەتی لە هەموو هەلومەرجیّکدا.[70] دوکۆمیّنتی گەورەی سالّی ١٢١٥و داواکاریی ماف (عریضة الحق)ی سالّی ١٦٢٨ پێ لەسەر مافە بنەڕەتییەکان دادەگرن. "جۆن لوك"ی فەیلەسووف لەسەر تیوری گشتی مافەکان

---

[69] جەلیل حەمە زیاد، مافی نەتەوەکان لە خویّندنەوەیەکی قانوونی ئەساسی جمهووری ئیسلامی ئیّران، گۆڤاری پاریّزەر، ژمارەی ٨ی سالّی ٢٠٠٤، ل٦٠.

[70] پرۆفیسۆر د. عەبدولڕەحمان ڕەحیم عەبدوللاّ، قوتابخانەی یاسای سروشتی، گۆڤاری پاریّزەر، هەولیّر ـ ٢٠٠٣، ژمارەی ٥و ٦، ل ٦٦.

له ژیاندا، ئازادیو سەربەستیو مافی موڵکداری زۆری نووسیوە، بە بیروراکانی خۆی بەشداری کردوە لە شۆرشی گەلی ١٦٨٨دا بە ڕاگەیاندنی مافەکانی ( bill of righes) لە دژی پادشای ستەمکار لە ئینگلتەرە.[٧١] لە دوای سەرکەوتنی شۆرشو لە ساڵی ١٦٨٩ی زاییندا ئەو پەرەگرافە مافناسییە، کە پەرلەمانی ئینگلستان دایرشت، دەسەڵاتی پاشایەتی سنووردار کردو لە بەرامبەردا دەسەڵاتێکی فراوانی بە پەرلەمان دا. بەم شێوەیە بیرۆکەی لۆك وای بۆ دەچێ، کە دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی دانانی حکومەتێکی شارستانی، کە ڕەزامەندی هاووڵاتیانی لەسەر وەرگیرابێ دادەمەزرێ، واتە دانانی دەسەڵاتێکی ڕەوا، کە جێگەی متمانەی هاووڵاتیان بێ، لەبەر ئەوە بە ناسراوترین لایەنگری حکوومەتە دەستوورییەکان دادەنرێو هەر لۆك بوو، کە پرەنسیپی (مبدأ)ی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی داهێنا تا چاوەدێری یەکتری بکەن، هەر چەند، کە ئەو کات دەسەڵاتی دادورەی نەبوو.[٧٢]

لوك بە دامەزرێنەری ئاراستەی لیبرالی دادەنرێ[٧٣]. لە ڕاگەیەندراوی فەرەنسی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤو هاووڵاتی بوونی ساڵی ١٧٨٩، کە لە لایەن کۆمەڵەی دامەزرێنەرەوە لە فەرەنسا بڵاو کرایەوە[٧٤]، زۆر بە وردی هەڵبژاردەی هەر دوو دەقی (یاسانامەی ئینگلیزیو ئەمریکی) ڕاستو پوخت کراوەکەیان کردبوو بە (بنچینەو بنەما)، کە تێدا ڕاگەیەندرابوو هەموو خەڵك لە بنەرەتدا ئازادە، چونکە بە ئازادیو سەربەستی لە دایك دەبنو هەموو خەڵك یەکسانن‌و

---

[71] دیندار شێخانی، http://www.alqosh.net

[72] پرۆفیسۆر د. عەبدولڕەحمان رەحیم عەبدوڵلا، قوتابخانەی یاسای سروشتی، گۆڤاری پاریزەر، هەولێر ـ ٢٠٠٣، ژمارەی ٥و ٦، ل ٦٦.

[73] قادر وریا، http://www.dimane.com، لە پێناوی پەرەپێدانی کەلتووری مافی مرۆڤ لە کوردستاندا، ل ١. هەروەها بڕوانە: (ملفين يوروفسكي، أوراق الديمقراطية، رقم ١، وزراة الخارجية الامريكية، مكتب برامج الاعلام الخارجي، ص ١.

[74] دوکتۆر عەبدولڕەحمان رەحیم عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣ ـ ل ٩٤. هەروەها بڕوانە: عبدالكريم ذنون يونس يوسف الغزال، الحماية الجنائية للحريات الفردية، أطروحة دكتورا فلسفة في القانون العام، كلية القانون في جامعة موصل، ٢٠٠٣، ص ١٣. هەروەها بروانة: آرثر نوسبوم، ترجمة وتعليق الدكتور رياض القيسي، الوجيز في تاريخ القانون الدولي، الناشر بيت الحكمة، بغداد ـ ٢٠٠٢، الطبعة الاولى، ص ١٨٣ ـ ١٨٤.

هەموویان بەرامبەرن لە مافە ڕەسەنو سروشتییەکانیانداو هەر بەم شێوەیەش دەمێنێتەوە. بۆ نموونە لە مادده ١ی‌دا هاتوە: "مرۆڤ بە ئازادی لە دایك دەبێو لە مافیشدا یەکسانن". لە مادده ٢ی‌دا هاتوە: "پاراستنی مافە سروشتییەکانی مرۆڤ ئامانجی هەموو کۆبوونەوە ڕامیارییەکانەو نابێ دەست درێژییان بکرێتە سەر"، لە مادده ٤دا هاتوە: "مرۆڤ هەمووی ئازادەو ئەو ئازادییەش هەموو کارێك دەگرێتەوە، کە زیان بە کەس نەگەیەنێ". هەر لەو پەیوەندییەدا، لە مادده ٥٣ی ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤی ساڵی ١٧٩٣ی ئەو دەوڵەتەدا زۆر لەوە زیاتر پێی لەسەر ئەو خاڵە داگرتوەو دەڵێ: "هەر کاتێك دەوڵەت مافی خەڵك پێشێل بکات، سەرهەڵدانو ڕاپەڕین بۆ میللەت پیرۆزترین ماف‌و گرنگترین ئەرکە".[٧٥]

بە پێی بیرۆکەی "لیوندگی"[٧٦] مافی مرۆڤ پلەی لە دەستوور بەرزترە، بۆیە وەکوو ڕاگەیەندراو ناوی لێ نراوە. ئەم بیرۆکەیە لەسەر بنەماکانی مافی سروشتی دانراوەو بە شێوەیەکی جیا نەکراوەو کات نەناس لە سەرەوەی هەموو بنەما کۆمەڵایەتییەکان ڕادەوەستێ. ڕێزگرتن لە ماف‌و ئازادی ئینسانەکان لە ئاستی میللیو نێونەتەوەییدا لەو مەسەلە گرنگانەیە، کە لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان، ڕاگەیەندراوەکان، پەرتووکەکان، بەیاننامەکانو بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، بنیاتو دامەزراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی سەر بەو ناوەندەدا گونجێندراوە.[٧٧] دیارترینیان جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤە، کە ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕۆژی ١٠/١٢/١٩٤٨دا ڕایگەیاندو هەر لە لایەن تێکۆشەرانو داکۆکیکەرانی ئەو مافانەوە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە پێی لەسەر داگیراوە.

---

[75] دکتور سید محمد هاشمی، حقوق بشر و آزادیهای اساسی، چاپ اول، پائیز ١٣٨٤، تهران، میزان.

[76] لیون دگی: Leon duguit (1859 ـ ١٩٢٨) لە گەورە بیرمەندەکانی یاساناسی فەرەنسایە، ساڵی ١٩٢٤ ڕاگری کولیجی مافەکان بووە لە قاهیرەو دواتریش لە ساڵی ١٨٨٦ لە کولیجی یاسا لە زانکۆی بۆردۆ دەرسی دەگوتەوە، دواتر بووە ڕاگری ئەو کولیجە تا مردنی، یەکێك لە کتێبە بەناوبانگەکانی (المطول فی القانون الدستوری)یە، هەروەها پوختەی مەزهەبەکەی لە کتێبێکی بچووکدا بڵاو کردۆتەوە بە ناوی (دروس فی القانون العام).

[77] قادر وریا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١.

بێگومان ئامانج له بوونو دامەزراندنی هەموو گرووپو ڕێکخراوێکی سیاسی پاراستنو داکۆکی کردنە لە مافە ڕەسەنو سروشتییەکانی مرۆڤە لەگەڵ مافە سیاسییەکانی، وەکوو مافی خۆپاڵاوتنو هەڵبژاردنو یەکسان بوون لە بەردەم یاساداو هەروەها مافی بەشداری کردن لەو ڕیفراندۆمە گشتییانە، کە بە چارەنووسی دەوڵەتەوە پەیوەستن. بەشێك لەو مافانە ڕەنگە پێشتر بووبێ بەڵام زەوت کرابێ، کە پێویستە بخرێنەوە ژێر چوارچێوەی دەسەڵاتی مرۆڤ. زۆر گەلو کۆمەڵ هەبوون، کە مافەکانیان زەوت کراوە، بەڵام دواتر بە خەباتو تێکۆشان بە مافەکانیان گەیشتوون، ئەو مافانە هەندێ جار پێیان دەوترێ مافە دەستوورییەکان، چونکە دەستوور زامنیان دەکات، لەبەر ئەوەی دەستوور لە بواری لوژیکیەوە بریتییە لە ڕێکخستنی هۆکارەکانی ئوقرەیی گشتیو مافی تاکەکان[78]. لە کۆمەڵگای سیاسیدا بنەما دەستوورییەکان لە بنەما یاساییە ئاساییەکانو بڕیارەکانی ئیدارە باڵاترن، هەر بۆیە سەنگێکی تایبەتیان هەیەو بە چاوی ڕێزەوە چاوییان لێ دەکرێ، ئەوەش وای کردوە، کە هەندێ مافی دیکە جێگەی بایەخی گەلان بن[79]، وەك مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، مافو ئازادییە گشتییەکان، ئازادی تاکەکەسو فرە جۆری بیروباوەڕەکانو هەندێ پرەنسیپی گرنگی دیکە لە ناو دەستووردا دەقنووس بکرێن، تاکوو پیادە کردنو جێبەجێ کردنیان زامن بکرێت. لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتو پلۆرالدا، ئەندامەکان دەتوانن لە ڕێگەی ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانەوە، کە ڕەنگە هەر لە دەستوورەوە وەرگیرابن، چاوەدێری بخەنە سەر بڕیارەکانی دەوڵەت. ئەو کات تەنیا دەوڵەت دەتوانێ وەك ئامرازێکی لکێنەرو وەدی هێنەری ئامانجە هاوبەشەکان ڕۆڵ بگێڕێ. دەوڵەتێك، کە دەستوورێکی هەمیشەییو پەسندکراوی زۆرینەی هەبێ، پارێزەرو زامنی مافەکانی مرۆڤو سەرەتاکانی دیموکراتیەتو داهاتووی کۆمەڵگایە[80].

---

[78] دکتۆر سەید محەمەد هاشمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢ ـ ل ١٨٩.

[79] پرۆفیسۆر د. عەبدولڕەحمان ڕەحیم عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧.

[80] ئیبراهیم جەلال، http://www.pukonline.com، کۆمەڵی مەدەنیو دیموکراسیەتو سەربەخۆیی یان دیموکراسیەتو سەربەخۆیی کۆمەڵی مەدەنی، بەشی سێیەم، ل ٢.

ئامانجی یەکەمی دەوڵەتی یاسا، پاراستنی ئازادیو مافەکانی مرۆڤە لە ڕێگەی سنوور دانان بۆ هەر یەکە لە دەسەڵاتەکانی یاسادانەر، جێبەجێ کەرو دادوەری. چونکە دەوڵەتی یاسا ئەو دەوڵەتەیە، کە خۆی ملکەچی سیستەمی یاساییە، کە لە دەستوورەوە درێژ دەبێتەوە بۆ یاسای ئاساییو ڕێنماییو تەنانەت ساکارترین بڕیاری کارگێڕی[٨١].

دیارە لە دەوڵەتێکی دیموکراتیداو لە ژێر سایەی دەستوورێکی هەمیشەیی، نە پەرلەمانو نە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتو نە دەسەڵاتە حیزبییەکان هەمیشەییو بێسنوور نابن[٨٢]. کۆتایی هاتنی شەڕی سارد بووە هۆی ئەوەی، کە جارێکی دیکە بیری ئازادیخوازیو دیموکراسی (أفكار الليبراليه ـ الديمقراطية)[٨٣]و حوکمی دەستوور لە بەشێکی جیهاندا سەر هەڵ بداتەوە. لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠دا، دامەزراوەی ماڵی ئازادی (فریدۆم هاوس)[٨٤]، توێژینەوەیەکی فراوانی بڵاو کردەوە، کە بە درێژی باسی ڕەوشی مافە سیاسیو ئازادییە مەدەنییەکان دەکات لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە لە ١٩٢ دەولەت پێك دێن. توێژینەوەکە لە ژێر ناونیشانی "ئازادی لە جیهان ٢٠٠٠ـ ٢٠٠١"دا، ئەوەی دەرخستوە، کە ئاراستەیەك لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا دەستی پێ کردو بەرەو دەسکەوتی ئەرێنی (أيجابى) لە بواری ئازادیدا تا دەگاتە ساڵی ٢٠٠٠. لە ڕووپێوەیەکی ئەو ڕێکخراوەدا کە ساڵانە پێك دێ، دەردەکەوێ، ٨٦ دەوڵەت، کە ژمارەی دانیشتوانیان ٢٥٠٠ میلیۆنە دەوڵەتانێکی ئازادن، ٥٩ دەوڵەت، کە دانیشتوانەکەی یەك میلیونو چوارسەد هەزار کەسە، تا ڕادەیەك ئازادن. لە مافە سیاسیو مەدەنیەکانی دیاری کراو (محدد)ە لەوەی پێشتر.

---

[81] عیاض ابن عاشور، دەوڵەتی یاسا، وەرگێڕان بە دەسکارییەوە: تەها عومەر ڕەشید. گۆڤاری یاسا ناسی، بەهاری ٢٠٠٢، سلێمانی، ژمارەی ١، ل ٢٤ ـ ل ٢٥. انظر: الدكتور أبراهيم درويش، القانون الدستوری، الحقوق الحريات العامة، الناشر دار النهضة العربية، القاهره، ٢٠٠٤، ص ٢٨٢ ـ ٢٨٤.

[82] ئیبراهیم جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣.

[83] غريغ راسيل، الدستوريه: اوراق الديمقراطية رقم ٢، وزارة الخارجية الامريكية، ص ٢ ـ ص ٥.

[84] ڕێکخراوێکە پشت بە قازانج نابەستێو بانگەشە بۆ دیموکراسی دەکا لە جیهاندا.

ئەو دەوڵەتانە زۆر جار بە گەندەڵ ناو دەبرێنو لە هەندی باردا بە دەست ئێشو ئازاری کێشە نەتەوەیی‌و ئایینییەکانەوە دەناڵێنن. ٤٧ دەوڵەت، کە ژمارەی دانیشتوانیان ٢٢٠٠ میلیۆنە ئازاد نین، کە دانیشتوانی دەوڵەتەکانیان بێبەشن لە مافە سیاسییە بنەڕەتی‌و ئازادییە مەدەنییەکان. لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٣ "فریدۆم هاوس"[٨٥] ئیسرائیل تاکە دەوڵەت بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا، کە ناوی لە لیستەی دەوڵەتانی ئازاددا تۆمار کراوە. دیارە تەنها باسی چوار دەوڵەتی نیمچە ئازادی‌تری کردوە، هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا سەرنجی پەرەپێدانی باری مرۆڤایەتی عەرەبی داوە. لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکان نیشانی داوە، کە لە نێوان حەوت ناوچەی جیهاندا، دەوڵەتانی عەرەب نزمترین پلەی ئازادی بە دەست هێناوە. بێشك بەشێکی زۆری ئەو دەوڵەتانەی، کە ئازاد نین، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. عێراق تاکوو ساڵی ٢٠٠٣ یەکێك بوو لە بەرچاوترینی ئەو دەوڵەتانەی، کە بە هیچ شێوەیەك باوەڕی بە مافو ئازادییە گشتییەکان نەبوە.

[85] وثيقه مشروع الشرق الاوسط الكبير، مشروع الولايات المتحدة الامريكية، جريدة الحياة، ٢٠٠٤/٢/٣١. انظر: الدكتور صالح جواد كاظم، الانظمة السياسية فى الدول النامية، وزارة التعليم العالى و البحث العلمى، ١٩٩٠، بغداد، ص ١٥٩.

## باسی سێهەم

## ڕیشەی سیاسیو یاساییی مەسەلەی کورد

کورد وەك دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەدان ساڵە لەگەڵ دراوسێیەکانی، کە گەلانی فارسو عەرەبو تورکن، لە نیشتمانی کوردستاندا نیشتەجێیە. ئەم گەلە چەوساوەیە گەورەترین نەتەوەیە لە باری ڕووبەری خاكو ژمارەی دانیشتوانیەوە، کە تاکوو ئێستا نەبۆتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ.

ساڵی ١٥١٤ بۆ یەکەم جار نیشتمانی کوردستان لە نێوان هەردوو ئیمپراتوریەتی سەفەویو عوسمانیدا دابەش کراو بەوجۆرە کوردستان بوو بە دوو بەش. لە سەدەکانی ١٨و ١٩دا بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، چەندین میرنشین لە هەر دوو پارچەی کوردستاندا دامەزران، کە بە داخەوە هەموو ئەو هەوڵانە لە لایەن ئیمپراتورییەکانی سەفەویو عوسمانییەوە لە بار بران. لە پێناوی ڕزگار بوون لە دەستی داگیرکەران چەندین ڕاپەڕینو شۆڕش لە شکڵو شێوازی جۆراوجۆردا سەریان هەڵدا، بەڵام ئەو شۆڕشو سەرهەڵدانانەش لە پێناوی دابین کردنی بەرژەوەندیی دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیاو بە هۆی پیلانی داگیرکەرانی ناوچەکە سەرکوت کران. لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیو لە پەیمانی "سایکس ـ پیکۆ"دا، کە لە نێوان بەریتانیاو فەرەنساو ڕووسیای قەیسەریدا بەسترا، جارێکیتر کوردستان دابەش کرایەوە، بەجۆرە کوردستان بوو بە (٤) پارچە. برگەکانی ٦٢، ٦٣و ٦٤ی پەیمانی "سێڤەر" کە ساڵی ١٩٢٠ بەسترا، تەرخان کرا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد، بەڵام پاش ئەوەی کەمالیستە شوڤینیستەکانی تورکیا بە سەرۆکایەتی کەماڵ ئاتا تورك دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، پەیمانێکی دیکە بە ناوی پەیمانی "لۆزان" لە ساڵی ١٩٢٣دا بەسترا، کە بە پێی ئەو پەیماننامەیە ئەو دەسکەوتانەش لە بار چوون.

پاش ڕووخانی ئیمپراتوریەتی عوسمانی، دەوڵەتانی عێراق، سووریا، تورکیا، ئوردون، سعوودیەو فەلەستین پێك هاتنو لە لایەن دەوڵەتانی بەریتانیاو فەرەنساوە وەك دەوڵەتی نوێ لە ناوچەکە بە فەرمی ناسران. ساڵی ١٩٢٥ لە پێناوی دابین کردنی بەرژەوەندی بەریتانیا ویلایەتی مووسڵیان بە دەوڵەتی عێراقەوە لکاند. شێخ مەحموودی نەمر لە ساڵانی (١٩١٨ ـ ١٩٢٢) دوو جار حکومەتی کوردستانی ڕاگەیاند، بەڵام حکومەتی بەریتانیاو عێراق بە دوو قۆڵی لە نێویان برد. لەو ڕێکەوتە بە دواوە گەلی کورد لە هەر چوار بەشەکەدا بە گشتیو لە کوردستانی عێراق بە تایبەتی بە درێژایی ئەو سەردەمە بەردەوام بووە لە خەباتی سیاسیو چەکدارانە بە پێی هەلومەرجو بارودۆخ بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی، بەڵام بە داخەوە لە تەواوی سەدەی ڕابردوودا پاش چەندین کارەساتی سیاسی مەسەلەی کورد تا ئێستاشی لە گەڵدا بێ هەروا بێچارەسەر ماوەتەوە.

لە میانەی ئەم باسەدا هەوڵ دەدەم ئەم بابەتە زیاتر ڕوون بکەمەوە، کە تایبەتە بە باس لە سەر "مەسەلەی کورد لە عێراقدا".

## مەسەلەی کورد لە عێراقدا

دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١دا لە دوو ولایەتی بەغدادو بەسرە پێك هات. هۆکارە ناوخۆییەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو لە پێکهاتنیدا[٨٦]، بەڵکوو ڕەنگدانەوەو دەرەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسیو ئابوورییە بوو، کە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی هاتە ئاراوە، بە واتایەکی دیکە هۆکارە دەرەکییەکان ڕۆڵی سەرەکییان لەم بارەیەوە گێڕا، لە سەرووی هەموویانەوە بەریتانیا بوو. نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستاندا، کە لە هەرێمێکدا بە ڕووبەری (٧٥,٧٥٩) کیلۆمەتری چوارگۆشە دەژی[٨٧]، ساڵی ١٩٢٥ بە بێ

[86] الدکتور عامر حسن فیاض، جذور الفكر الديمقراطي في العراق الحديث، سلسلة رسائل جامعة، بغداد، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة، ص ١٩٢ ـ ص ١٩٣.

[87] فؤاد حمه خورشيد، الاكراد، دراسة علمية موجزة فى أصل الشعب الكردى، ١٩٧١ ـ بغداد، ص ١٠.

خواستو ویستی خەڵکەکەیو بە زۆر لکێنرا بە دەوڵەتی تازە دروست کراوی عێراقەوە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بە شێوەی خەباتی چەکداریو لە دژی دەسەڵاتی بەریتانیا لە گەڵ دروست کردنی عێراق لە کاتی ماندێتی (انتداب) بەریتانیا بە تایبەتی لە دوای لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراق بە درێژایی ساڵانی بیستەکان خەبات لە دژی ئەو مەسەلەیە بەردەوام بوو، لە لایەك لە ناوچەکانی بارزانو بە سەرۆکایەتی شێخەکانی بارزان (هەر چەند کە ئەم خەباتە زیاتر مۆرکی ئایینی پێوە دیار بوو، بەڵام خاڵی گرنگ لەوەدا بوو، کە لە دژی ڕژێمی عێراق بوو)[88]و لە لایەکی دیکەشەوە لە سلێمانی بەرگری لە مافی کوردو دژی داگیرکەرانی بەریتانیاو حکومەتی عێراق بەردەوام بوو (ئەم خەباتەش ئاڵاهەڵگری ڕزگاری نەتەوەیی بوو)[89]. بەریتانیاییەکان لە ڕێگەی هێزەکانی لیڤییەوە، کە زۆرینەیان لە ئاشورییەکان پێك هاتبوون کونترۆڵی عێراقیان کردبوو، بەڵام لە کوردستان دەسەڵاتیان لاواز بوو. بۆ ئەوەی کە بتوانن هەرێمی کوردستان کونترۆڵ بکەن، سەرەتا دەستیان دایە دنەدانی هەستی قەبەلیو بەهێزکردنی پێگەو دەسەڵاتی دەرەبەگە کوردەکانو پلەو پایە بەخشین پێیان. بەمجۆرە لە کوردستان هێزی لیڤی دروست کراو باشترین کەڵکیان لێ وەرگیرا بۆ بە گژاچوونەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی[90]، بە تایبەتی ساڵی ١٩٢٧ کاتێك نەوت لە نزیك کەرکووك دەرهێنرا، ڕێی بە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ئەورووپا درا نەوت لە کانگاکان دەربێنن، ئیدی سۆزی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی سەربەخۆی کورد هێندەیتر، کەم بۆوە.[91]

---

[88] اعضاء اللجنة الاستشارية في وزارة الخارجية العراقية، دراسة حول أمريكا والغرب والقضية الكردية فى العراق و تركيا و ايران، ص ٩.

[89] ايوب بارزاني، المقاومة الكردية للأحتلال، ١٩١٤ ـ ١٩٥٨، الجزء الأول، دار نشر حقائق المشرق، ص ١٥.

[90] ايوب بارزاني، نفس المصدر، ص ٣١.

[91] جوناتان ـ س راندال، کوردستان یا کڵۆڵی نەتەوەیەك، وەرگێڕانی ساڵح محەمەد ئەمین، سلێمانی، چاپخانەی بەرهەم، ل ١٧٣ ـ ل ١٧٤.

ساڵی ۱۹۳۰ شێخ مەحموودی نەمر داوایەکی لە مەندوبی سامی بەریتانی کردوە بۆ دانانی کیانێکی کوردی لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیا لەو ناوچانەی کە درێژ دەبێتەوە، لە زاخۆ تا خانەقین. ئەم دوکومێنتە مێژوویی ـ سیاسییە لە لایەك گوزارشت لە ئامانجی سیاسی جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان دەکاتو لە هەمان کاتدا ئەو داواکارییە یەکەم جار بوو، کە ئاماژەی بە سنووری نەتەوەیی لە کوردستانی عێراقدا دەکرد، دیسان یەکەم ئاماژەی ئاشکرایە بۆ پێکهێنانی هەرێمێك بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدا[٩٢]. هەروەها ساڵی ۱۹۳۰ (٦) کەس لە ئەندامانی فراکسیۆنی کوردی لە پەرلەمانی عێراق پرۆژەیەکیان دایە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کە تێدا داوای حوکمی خۆبەڕێوەبردنی ناناوەندی (أدارة ذاتیە) دەکەن لە ناوچە کوردییەکاندا[٩٣]. بەڵام ئەم داواکاریو هەوڵانە زۆر بە توندی وەڵام درانەوە، بە تایبەتی لەو وتارەی وەکیلی سەرۆك وەزیرانی عێراقو وەکیلی باوەڕپێکراوی سامی بەریتانی، کە لە ڕۆژی ۱۱/۸/۱۹۳۰ لە سلێمانی خوێندیانەوە. لە وتارەکەی نوێنەری بەریتانیادا هاتوە: "هەندێ سەرچاوەی نابەرپرسیار وا دەزانن، کە حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا هانی نەتەوەی کورد دەدا، بەڵام ئەوە هیچ ڕاست نیە، چونکە ئەو مەسەلەیە هەر عێراق ناهەژێنێ، بگرە هەر دوو دراوسێ خۆشەویست، واتە حکومەتەکانی ئێرانو تورکیاش دەهەژێنێ، ئەوە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە"[٩٤]. بەڵام لایەنی ئەرێنی، کە لەهەر دوو وتارەکەدا هاتوە ئەوەیە، کە ڕێز لە زمانی کوردی دەگرنو دەڵێ: "ئەو کارمەندانەی، کە زمانی کوردی دەزانن لە باکووری دەوڵەت دایاندەمەزرێنن. شایانی باسە شێخ مەحموودی حەفید یەکەم کەس بووە زمانی کوردی کردە ڕەسمی لە هەر دوو حکومەتی یەکەمو دووەم (۱۹۱۸ ـ ۱۹۲۲)[٩٥]، هەروەها ئەو کاتەی

---

92 فريد أسسرد، المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتجية، السليمانية ـ ٢٠٠٤، ص ٢٥.

93 فريد أسسرد، نفس المصدر، ص٢٢ ـ ٢٣.

94 عزيز شريف نصير، المسألة الكردية في العراق، الطبعة الرابعة ـ ٢٠٠٤، مطبعة مكتب الأعلام المركزي للأتحاد الوطني الكردستاني، ص ٢٦.

95 د. سعد بشير اسكندر، عن الدولة الحديثه و الامة و النزعة القومية في العراق العربي و كردستان، السليمانية ـ ٢٠٠٥، ص ٧٨.

عێراق له ژێر ماندێتی (أنتداب) بەریتانیدا بوو، هەلی پێشکەوتنی زمانی کوردی هەبوو. ساڵی ١٩٣١ دەوڵەتی عێراق له یاسای زمانه خۆماڵییەکاندا[٩٦] بە کارهێنانی زمانی کوردی له خوێندنگه سەرەتاییەکانو دادگاکاندا سەلماند، دیاره ئەو دەسکەوتە بێپێشینە نەبووە، چونکە تێکۆشەرانی کورد لەوانە تۆفیق وەهبی لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی عێراق هەوڵی پێش خستنی زمانی کوردی داوە، ساڵی ١٩٢٣ له سەر داوای وەزارەتی مەعاریف ڕێزمانی کوردی ئامادە کردوە بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان. هەروەها داوای کردوە دەستکاری چەند پیتێکی عەرەبی بکرێت بۆ ئەوەی لە گەڵ فونەتیکی زمانی کوردی بگونجێت، بەڵام ئەم داوایە ڕەت کرایەوە، چونکە بە شێوەیەکی دیکە لیك درابۆوە[٩٧]. هەروەها کورد لەو سەردەمەدا توانی خەسڵەتە نەتەوەییەکانی خۆی بچەسپێنێ، ئەگەرچی لە سنوورێکی تەسکدا بوو. گوشاری نەتەوە پەرستەکانی عەرەب تا دەهات زیاتر دەبوو بەرامبەر بە بەریتانیا، بۆیە بەریتانیا له حوزەیرانی ١٩٣٠دا بە پێی پەیماننامەی "پورتمسوس" دەستبەرداری عێراق بوو، کە دوای دوو ساڵ جێبەجێ کراو سەربەخۆییەکیان دا بە عێراق. لەم پەیماننامەیەشدا هەر وەك پەیمانی لۆزان هیچ ئاماژەیەکی بە مافەکانی گەلی کورد نەکردو هەر دوو حکومەتی بەریتانیاو عێراق مافەکانی گەلی کوردیان وەلا نا، هەر لەو پەیوەندییەدا لە ڕاپۆرتێکی بەریتانیادا هاتوە: "یەکێتی سیاسییانە، کە پێویستییەکی ئۆتۆنۆمییە لە ناو کورددا نیە". هەر بۆیە دوو حکومەتەکە بە خاوەن داواکارییەکانیان ڕاگەیاند، کە له کوردستانی عێراقدا بواری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی وا نیە، کە کۆمەڵەی نەتەوەکان چاوەدێری بکات[٩٨]. بەو جۆرە عێراق لە ساڵی ١٩٣٢ بە ناو سەربەخۆییەکی وەرگرتو بوو بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلاندا. لەوە بە دوا حکومەتی بەغداد له بەرامبەر مەسەلەی کورد لە ژێر نەتەوە پەرستی (نەزعەی قەومی) له نووسینگە

---

96 قانون اللغات المحلية، رقم ٧٤، لسنة ١٩٣١.

97 دکتۆر نووری تاڵەبانی، ڕۆژنامەی ئاوێنە، له بیرەوەرییەکانم لە گەڵ زانای گەورەی کورد توفیق وەهبی بەگ، سلێمانی ـ ٢٠٠٦، ل١٠.

98 جوناتان ـ س راندال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩ ـ ١٨٠.

ڕەسمییەکاندا لە بە کارهێنانی وشەی کوردستان دوور کەوتەوەو لە لێدوانەکانی خۆیاندا تەنها وشەی کوردەکان (ألاکراد)یان بە کار دەهێنا[99]، ئەو زاراوەیان پێ باشتر بوو لە کوردستان، چونکە بە بیرکردنەوەی کۆنەپەرستی ئەوان بەوە کورد لە خاکی خۆی دادەبڕێو مەترسیو هەڕەشە لە سەر بەغداد کەم دەبێتەوە، چینی دەرەبەگی کوردیش پاش کۆتایی ماندێتی بەریتانی لە خزمەت کردن بە حکومەتی بەغداد بەردەوام بوو، لە دژی مافەکانی گەلی کورد بە کار دەهێنرانو هێزیکی حازرو ئامادە بوون بۆ بەغداد[100]. پاش ڕویشتنی بەریتانیا تەنیا مافێك، کە بۆ کورد مایەوە بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی بوو لە ناوچە کوردییەکاندا.

ئیسماعیل بیشکچی نووسەری ناوداری تورك دەڵێ: "شێوازی بەریتانیا لە کونترۆڵ کردنی کوردستاندا، تایبەتمەندییەکی پێوە دیار بوو، جیاوازتر بوو لە شێوازی کولونیالەکانیتر، ئەگەرچی مافی کوردی نەسەلماند بەڵام حاشای لە بوونی کورد نەکرد!".[101] ئێمەش بە تەواوی پشتگیری لەو ڕایەی نووسەر دەکەین، چونکە دواتر بە دیار کەوت لە سەردەمی دوای ئینتدابو لە سەردەمی پاشایەتیدا لە زمانی کوردی زیاتر، کە ئەویش لە سەردەمی ئینتدابدا بوو، هیچ مافێکی دیکەی کورد بە ڕەسمی نەناسرا. بەڵام دەبێ بگوترێ ڕۆشنبیرانو تێکۆشەرانی کورد بەردەوام بوون لە خەباتی نەتەوەییدا. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد یەکێك بوو لەوانەی نامیلکەیەکی بە ناوی "فریق من شبان الکرد" لە ساڵی ١٩٣٧دا بلاو کردەوە، کە دەڵـێ: "گەلی کورد وەك گەلی عەرەب پارچە پارچە کراوەو وەك گەلی عەرەب خەبات لە پێناوی هێنانەدی مافە پیرۆزەکانیدا دەکات"[102]. ئیبراهیم ئەحمەد هەوڵی دا برایەتی کوردو عەرەب لە ناو بەرنامەی

---

99 فرید أسسرد، المصدر السابق، ص٢٧. انظر: عبدالرحمن سلیمان الزیباری، الوضع القانونی لأقلیم کوردستان العراق، الطبعة الاولی، مطبعة وزارة التربیة ـ اربیل، ص ٢٠٨.

100 ایوب بارزانی، المصدر السابق، ص٣١.

101 ئیسماعیل بیشکچی، کوردستان مستعمرة دولیة، ترجمة: ظهیر عبدالملك، ١٩٩٠ ـ اسطنبول، ص١٩٢.

102 الشرارة، حق تقریر المصیر، العدد (٤) نیسان ١٩٨٥، ص٦.

کوردایەتی بگونجێنێ تا پێکەوە بە دژی کۆنەپەرستی خەبات بکەن. . . ، هەروەها بە هەوڵو ماندووبوونی توفێق وەهبیبەگو ئەمین زەگی بەگ ئیستگەی ڕادیوی کوردی بەغداد لە ساڵی ١٩٣٩ کرایەوە[١٠٣]، کورد بەرژەوەندی خۆی لەوەدا دەدی، کە حکومەتێکی ناوخۆیی هەبێو گەشە بە هەرێمی کوردستان بدا لە ڕووی کۆمەلایەتیو ئابووریو ڕۆشنبیرییەوە، عێراق لە هێزە کۆنەپەرستەکان ڕزگار بێو نفووزی سیاسیو ئابووری هێزەکانی دەرەوەی لە سەر لا بچێو ئەمانە لە بەرنامەو دروشمەکانی حزبە نەتەوەییەکانی کوردستاندا ڕەنگی دەدایەوە. حیزبی هیوا ساڵی ١٩٣٩ پێك هات، بەڵام لە ژێر چاوەدێری نەتەوەییە کلاسیکییەکاندا بوو. دواتر حزبی ڕزگاری دروست بوو، کە بیرکردنەوەی چەپی هەبوو، ئەم حیزبەش جەختی لە سەر برایەتی کوردو عەرەب دەکردەوەو خۆی بە هاوخەباتی گەلی عەرەب دەزانی لە دژی کۆنەپەرستیو نفووزی بەریتانیا[١٠٤].

ساڵی ١٩٤٣ شۆرشی بارزانیەکان جارێکیتر دەستی پێ کردەوە تا ساڵی ١٩٤٥[١٠٥]. ئەندامانی حیزبی هیواو ڕزگاری بە نهێنی بەشدارییان لە شۆرشی بارزانییەکاندا کرد. دواتر، کە کۆماری مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری مهابادا پێك هات، بارزانییەکان پشتیوانییان لەو کۆمارە کرد، ئینجا پارتی دیموکراتی کورد لە ڕێکەوتی ١٦/٨/١٩٤٦دا دامەزراو ئامانجەکانی خۆی ڕاگەیاند. لە بەرامبەر جوولانەوەی گەلی کوردو جوولانەوەی نەتەوەکانیتریشداو بە تایبەتی لە مەودای نێوان شەڕەکانی یەکەمو دووهەمی جیهانیداو دواتریش، کە دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبییان بۆ پێك نەهاتبوو، شێوەیەکی نوێ "عروبە" سەری هەڵدابوو، کە لایەنگریشی بۆ پەیدا ببوو، ئەمانە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە نەتەوەی عەرەب پێشتریش هەبووە، عێراق یان سووریەو فەلەستین بەشێك بوون لەو نەتەوەیەو هەرگیز لێ جیا نابنەوە. لە دەوڵەتی میسریشدا ئەم بیرە سەری هەڵدابوو، پێش ئەوەی نەزعەی "عروبە" لە سەردەمی

---

103 د. نووری تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

104 د. سعد بشیر اسکندر، المصدر السابق، ص١١٨ ـ ١١٩.

105 جرجیس فتح الله، خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا، چاوپێکەوتنی حسێن محەمەد عەزیز، چاپی یەکەم، ١٩٩٧، چاپخانەی apec، ل٢٦.

جەمال عەبدولناسردا گەشە بكات. سەبارەت بە عێراق لە گەڵ سەرهەڵدانی ئەو شێوازە بیركردنەوە نوێیە، نەتەوەپەرستانی عەرەب دەیانگوت عێراقی سەدەی بیستەم ڕاستەوخۆ لە نەوەكانی گەلانی ڕافدەینو بابلییەكانن، ئامانجیان لەو بانگەشەیە ئەوە بوو، كە هەستو سۆزی خەڵك بەرەو "أنتما" بوون بۆ دەوڵەتی نوێ عێراق ڕابكێشن، بە تایبەتی لە ڕێگەی پەرتووكی قوتابخانەكانەوە بانگەشەیان بۆ دەكرد، بیرۆكەی جیاوازو دژ بە یەكیان لێك دەداو زاراوەی بە ناو نیشتمانی (الوطنیة)، نەتەوەی عێراق (القومیة العراقیة)، نەتەوەی عەرەبی (الأمة العربیة)، لە ناو یەك وشەدا بە نەتەوە (قومیە) باسی دەكرد[١٠٦]. بەڵام لە بەرامبەر كۆنەپەرستانی عەرەبدا، لە ناو پێشكەوتنخوازەكانی ئەو گەلەدا بانگەشە بۆ ئەم دروشمانە دەكرا، كە گیانی برایەتیو پێكەوە ژیانی نەتەوەكانو تایفەكانی گەلی عێراق بوو بە شێوەیەكی گشتی، بێ‌ئەوەی ئەوانیش ڕاستەوخۆ بچنە سەر باسی مەسەلەی كوردو ڕێگاچارەی بۆ دیاری بكەن[١٠٧]، یان لە بەرنامەی سیاسی حیزبەكانیاندا ئاماژەی پێ بدەن، بەڵام حیزبە كوردییەكان، كە بە نهێنی لە كاردا بوون، وەك حیزبی ڕزگاریی هاوپەیمانی حیزبی شیوعی كوردستانی عێراق (شۆڕش) لە بەیانی دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٤٥دا دەڵێ: "ئامانجی بەرزمان ڕزگاریو یەكگرتنەوەی كوردستانی گەورەیە". هەروەها لە بەرنامەی پارتی دیموكراتی كوردی لە عێراق (حزب الدیموقراطي الكردي)و لە سەرەتای دامەزراندنیدا لە ساڵی ١٩٤٦ باس لە دامەزراندنی كۆماری كوردستان دەكات لە عێراق. لە كۆتایی دەیەكانی چلو سەرەتای دەیەی پەنجای چەرخی بیستەمدا ململانێیەكی توند لە نێوان پارتیو شیوعی سەری هەڵ دا لە سەر بوونی نەتەوەی كورد (الامة الكردیة)و مافەكانی لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا، كە پارتی بانگەوازی بۆ دەكردو شیوعییەكان لە دژی بوون تا ئەو كاتەی سەركردایەتی حیزبی شیوعی گۆڕدرا. ساڵی ١٩٥٢ كاتێك كە بەهادین نووری ناسراو بە "باسم" بوو بە سكرتێری گشتی پارتی كومونیست، ئیدی ئەو شێوە

[106] بندر اندرسون، سامی زبیده، ایرنست جیلز، القومیة مرض العصر أم خلاصه، الطبعة الاولی ١٩٩٥، بیروت ـ لبنان، دارالساقی، ص١٣١ ـ ١٣٢.

[107] عزیز شریف، المصدر السابق، ص٦٧.

بیرکردنەوەیەی شیوعییەکان گۆڕدراو دانیان بەوەدا نا، کە کورد نەتەوەیەو مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی هەیە[108].

پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، ڕژێمی کۆماری پێك هاتو چەپەکانو نەتەوەپەرستەکانی عەرەب دەستووری کاتیی کۆمارییان لە ساڵی ١٩٥٨دا دانا. لە ماددەی ٣ی ئەو دەستوورەدا هاتوە: "کوردو عەرەب هاوبەشن لە نیشتماندا". ئەم دەستوورە دانی بە بوونی نەتەوەی کورددا نا لە چوارچێوەی عێراقدا[109]. ئەگەرچی ئەوە یەکەم دانپێدانان بوو بە شێوەی شەرعیو دەستووری، بەڵام کورد لە سایەی ئەو هاوبەشییەدا دەسکەوتێکی ڕاستەقینەی ئەوتۆی نەبوو، کە بۆ باس کردن ببێ، جگە لە مۆڵەتی ئیش کردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکراو دەرچوونی ڕۆژنامەیەك بە ناوی ئەو پارتەوە، کە بە داخەوە ئەم دەسکەوتە بچووکەش سێ ساڵی نەخایاند. بەمجۆرە کورد بەرامبەر بە سیستەمی کۆماری بێهیوا بوو[110]. ساڵی ١٩٦١ شۆڕشی چەکداری بە سەرۆکایەتی مەلامستەفای بارزانی دەستی پێ کردو مەسەلەی کورد چووە قۆناغێکی نوێو کۆمەڵانی خەڵك بوون بە پشتو پەنای شۆڕش. ساڵی ١٩٦٣ حیزبی بەعس، کە نوێنەرایەتی سیاسی باڵی نەتەوە پەرستەکانی عەرەبی دەکرد بە پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ئینگلیز کوودەتای ٨ی شوباتی ساز کرد[111] و یەکەمین دیکتاتۆری خوێناوی لە مێژووی عێراقدا هێنایە کایەوە. لە گەڵ هاتنە سەرکاری شیوعییەکانی عێراقی سەرکوت کردو پاش گفتوگۆیەکی کورت لە گەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول، جارێکیتر لە هەمان ساڵدا شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتی بەغداد دەستی پێ کردەوە. لە ساڵی ١٩٦٣دا ٢١ گوندی کوردنشینیان لە قەزای دوبز ڕاگوێزاو زیاتر لە ١٥٠٠ خێزانی جووتیاریان دەربەدەر کرد. دیارە پێشتر بەعسیەکان بەڵێنیان بە

---

108 جرجیس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

109 القاضي نبیل عبدالرحمن حیاوي، دساتیر العراق الجمهوري، نشر و توزیع المکتبة القانونیة، بغداد ـ ٢٠٠٤، ص٧.

110 فرید أسسرد، المصدر السابق، ص١١ ـ ١٢.

111 جرجیس فتح الله، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

کورد دابوو، سێ پارێزگای کوردی پێکەوە تێکەڵاو بکەن‌و وەك حوکمی ناناوەندی ناوی پارێزگای سلێمانی‌ی لێ بنێنن. بەڵام هەرگیز باوەڕیان بەوە نەبوو دان بە هەرێمێکی ئەوتۆدا بنێن، کە ناوی کوردستانی لە سەر بێ، بە کردەوەش هەر وابوو، کە لەو بەڵێنەش پاشگەز بوونەوە. سێ ساڵ دواتر واتە ساڵی ١٩٦٦ سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی عێراق "عەبدولڕەحمان بەزاز" پرۆژەیەکی چاکسازی سیاسی لە بەرنامەی کاریدا بوو، کە بۆ ئەم مەبەستە لە گەڵ کورددا ڕێکەوت بۆ ئەوەی سیستەمێکی ناناوەندی (لامرکزی) دابڕێژێ‌و کێشەی کورد لە عێراقدا چارەسەر بکات. هەڵوێست‌و نیەتی عەبدولڕەحمان بەزاز بەرامبەر بە گەلی کورد لەوانەی پێش خۆی باشتر بوو، چونکە دەیهەویست هەندێ دەسەڵاتی ناوچەیی بدا بە کورد، کە سەرکردایەتی شۆرش لە باری پەروەردەو ڕۆشنبیری‌و کارگێری‌و سیاسییەوە بەم ڕێکەوتنە ڕازی بوو، لە بەر چەند هۆکارێکی تایبەت، کە ئەوسا بە بەرژەوەندی کوردییان دەزانی. لە لایەکی دیکەشەوە عەرەبە نەتەوەپەرستەکان چارەسەری مەسەلەی کوردییان قبووڵ نەکرد، پێیان وابوو، کە ئەگەر ئەو پرۆژەیەی بەزاز جێبەجێ بکرێ ئەوا حکومەتی ناوەندی لاواز دەبێ‌و تەنانەت بە سووکایەتی کردنیان بە دەوڵەتی ناوەندی دەزانی، بۆیە بەزازیان لا برد. کاتێك حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هیچیان نەیانتوانی لە ڕێگای بە کارهێنانی هێزی سەربازی‌و توندو تیژییەوە شۆرشی ئەیلول تێك بشکێنن، بیریان لە ڕێگاچارەی دیپلۆماسی کردەوە. کوردیش لەوە بە ئاگا بوو، کە ململانێ سەردەمی شەڕی سارد لە نێوان هەر دوو جەمسەری ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاواو لە سایەی هەلومەرجی نێودەوڵەتی ئەوسا چاوەڕوانی‌و ئومێدی باشتر بوونی لێ ناکرێ. ئیدی یەکێتی سۆڤیەت هاتە سەر هێڵی پەیوەندی‌و بە شێوەیەکی نارەسمی کەوتە ناوبژیوی کردن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی دانوستاندنی نێوان سەرکردایەتی شۆرش‌و حکومەتی بەعسی عێراقی، چونکە تا ئەو ڕۆژە هیچ گفتوگۆیەکی نێوان حکومەتەکانی عێراق‌و کورد سەرکەوتنی بە دەست نەهێنابوو، بەڵام ئەمجارە سۆڤیەت ڕۆڵی هەبوو لە سەرکەوتنی گفتوگۆدا، لە حکومەتی عێراقیشدا، کە بۆ جاری دووهەم بەعسیەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتبوو، ئەم مەسەلەیان زیاتر وەکوو مانۆرێکی سیاسی بۆ کڕینی کات بە کار

دەهێنا، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بەهێز بکەنو لە ئاکامدا ڕێکەوتننامەی مێژوویی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰ لێ کەوتەوە[112]. لەم ڕێکەوتنەدا بە ڕوونیو لە دوکومێنتی فەرمی حیزبی بەعسدا دان بە مافی نەتەوەی کورددا نرا لە نیشتمانی نەتەوەییدا، لە گەڵ تایبەتمەندییەکانی کورد لە زمانو مافە سیاسییەکانو نیقابەکانو هەروەها ڕەوا بوونی دانانی دامو دەزگای سیاسیو ڕۆشنبیریی تایبەت بە ناوچەکەی وەرگرت. لە ماوەی چوار ساڵی گفتوگۆدا، کە بۆ قۆناغی گواستنەوە دیاری کرابوو، بۆ یەکەمجار بەغداد دەسەڵاتێکی فراوانی بۆ کورد لە هەرێمی کوردستان جێ هێشتو دەبوا پاش کۆتایی هاتنی ماوەی دیاریکراو هەر دوو لا بگەنە ڕێکەوتنی دوایی لە سەر ئوتونومی بۆ کوردستان. بەڵام بەرە بەرە دەرکەوت، کە بەغداد لەم مەسەلەیەدا جیدی نیەو تەنها مانۆڕێکی سیاسییە، کە بەغداد کردوویەتی تا کاتی پێویستی بە دەست بێنێو خۆی ڕێك بخاتەوە، چونکە ساڵی ۱۹۷۲ بینرا، کە ڕژێمی بەعس لە گەرمەی ڕێکەوتندا کۆچی بە زیاتر لە دووسەد هەزار کوردی فەیلی کرد بۆ ناو خاکی ئێران[113]. ساڵی ۱۹۷٤ حکومەتی بەغدا یاسای ئوتونومی کوردستانی بە بێکەرکوکو ئەو ناوچانەی ئێستاکە کێشەیان لە سەرە ڕاگەیاند، هەمان ساڵ جارێکیتر پەنا برایەوە بۆ خەباتی شاخو شۆڕشی چەکداری دەستی پێ کردەوە. پاش ساڵێك شەڕو پێکدادانی خوێناوی حکومەتی عێراق نەیتوانی شۆڕشو پێشمەرگەی کورد بشکێنێ. دواتر لە ئاکامی ڕێکەوتننامەی شوومی جەزائردا، کە لە ۱۹۷٥/۳/٦و لە پایتەختی جەزائردا، لە نێوان ئێرانی سەردەمی پاشایەتیو عێراقی سەردەمی بەعسدا بەسترا توانیان نسکۆ بە شۆڕشی ئەیلوول بێنن. ئیدی مەسەلەی کورد تا سەدەی بیستەمیش تەواو بوو بەبێ چارەسەر مایەوە، بەڵام شۆڕشی گەلی کورد هەر بەردەوام بوو.

---

112 عومەر نورالدین، سیستەمی نوێی جیهانو دۆزی کورد، چاپخانەی حاجی هاشم، ۲۰۰۳ ، هەولێر، چاپی یەکەم، ل۹۸.

113 د. نووری تاڵەبانی، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق، ۲۰۰٥، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕەنج، چاپی دووەم، ل۲۹.